# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان - کۆیە

ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک

٢٠٢٣

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان - کۆیە

ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک

٢٠٢٣

ناوی کتێب: ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان - کۆیە
ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک
پێداچوونەوە: لاڤە حەیدەر
دیزاین: دکتۆر ئەکرەم فەرەیدون
تایپ: نووسەر
ساڵی چاپ: ٢٠٢٢
نۆرەی چاپ: یەکەم
چاپخانەی:

ژمارەی سپاردن: ژمارە (٧٧٥)
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

پێشکەشە....

بەسەرجەم پێشمەرگە پارتیزانەکان و ئەو پێشمەرگانەی خەباتیان کرد لە پێناو رزگاری و ئازادیدا

حەیدەر مەنتک

# وردەکاریەکانی مێژووی شۆڕشی نوێ!

نووسینەوەی وردەکارییەکانی مێژووی خەباتی چەکداریی و نهێنی و بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە و زانیارییەکانی ئەو سەردەم ئەرکێکی پیرۆز و پێویستە و بایەخێکی گەورەیان هەیە. لە ماوەی ڕابـردوودا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بیرەوەریی تایبەتی تێکۆشەرە دێرینەکان، کتێب، نامیلکە و بەڵگە فیلم لە بوارە جیا جیاکانی قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هەنگاوی بەرچاو نراوە، بەڵام هێشتا لە چاو ئەوەی پێویستە بکرێ و هەبێ زۆر کەمە و زۆریشی ماوە.

ئامادەکردنی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان بەئاراستە و مەبەستی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و بەرچاوڕوونکردنەوەی نەوەکانی داهاتوو لەو قۆناغە سەختەی ژیانی کوردەواری هەوڵێکی باشە و شایستەی دەستخۆشییە.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە کە لە سێ کتێب پێکدێت، مێژووی ژیان و خەباتی پۆلێک پێشمەرگەی پارێزگای هەولێر لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەگرێتەخۆ. دیارە شانبەشانی ئەو تێکۆشەرانەی ناویان لێرەدا هاتووە و ئەوانەیش هێشتا ناویان نەهاتووە لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی داگیرکەراندا گیانبازانە وەستاونەتەوە و تێکۆشاون، ڕێکخستنە نهێنییەکان و کەسوکاری پێشمەرگەکانیش ڕۆڵێکی کارا و کاریگەریان گێڕاوە و لەو پێناوەشدا ڕووبەڕووی لە سێدارەدان، زیندان و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە بۆ باشووری عێراق بوونەتەوە.

ئەوانەی لەو سەردەم ژیاون و ماون دەزانن کە گەلەکەمان بە چ قۆناغێکی سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەگەر وردەکاریی ئەو مێژووە دژوار و سەختە نەنوسرێتەوە و بە دیکۆمێنت نەکرێت، ئەوا لە دواڕۆژدا بڕواکردن بەو بەسەرهات و چیرۆک و ڕووداوە ڕاستەقینانە ئەستەم دەبێ، بۆیە نووسینەوە و بەئەرشیفکردن و بەرزڕاگرتنی ناوی ئەو تێکۆشەر و ستەمدیوانەی کە لەو ڕۆژگارە سەختانە ڕۆڵێکی ئەفسانەییان گێڕاوە کارێکی گرنگ و پێویستە و لەو بوارەشدا ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە بەردێکی بنچینەییە لە بناغەی مێژوو و ئەرشیفی شۆڕشی نوێ.

کاتێک بەندە چاوێکم بەسەر ناوی ئەو تێکۆشەرانەدا گێڕا کە لێرەدا باسیان کراوە، یەکسەر بە بیرم هاتەوە کە ئەو کات باوک، دایک، خوشک، برا، ژن و منداڵی زۆربەی هەرە زۆری ئەوانە گیراون و زیندانیکراون، ئەوانەی کە نەشگیرابن ئەوا شانبەشانی ڕۆڵەکانیان لە ناوچە ڕزگارکراوەکان لەژێر سایەی بۆمبارانی تۆپ و تەیارە و پەلامارە

بەردەوامەکاندا بوون یان لە ئاوارەیی و دەربەدەری ژیانێکی پڕ لە مەترسی و کولەمەرگی دەژیان. ئەوکات، تێکۆشەرانی ئەم گەلە نەک هەر ئامادە بوون ڕێگای سەختی خەبات بگرنەبەر و بە گیانی خۆیان ڕووبەڕووی داگیرکەران ببنەوە، بەڵکو بەهۆی بەشدارییان لە خەباتی گەلەکەیان کەسوکارەکانیشیان ڕووبەڕووی گرتن و زیندانیکردن، دەربەدەریی و نەداری دەکردەوە. خۆ ئەگەر ئەو لە خۆبردوویی و گیانفیداییەش نەبوایە، بێگومان چارەنووسی گەلی کوردستان لە باشترین حاڵەتدا ڕاگواستن و بەعەرەب بوون بوو.

مێژووی شۆڕشی نوێ بەگشتی و مێژووی خەباتی یەکبەیەکی ئەو تێکۆشەرانەی شەهید بوون یان بەردەوامیان بە خەباتدا بەتایبەتی مایەی شانازیی هەتا هەتاییمانن. لە پلانی (مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری - بۆردی ئەرشیف و مێژوو)دایە هەنگاو بە هەنگاو ئاوڕ لە هەموو ئەو تێکۆشەرانە بدرێتەوە، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ تا ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن بەشدارییان کردووە.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە کاک حەیدەر مەنتک دەکەم و هیوادارم لەسەر ئەو کارە گرنگ و ناوازەیە بەردەوام بێ. داواش لە نووسەر و تێکۆشەرانی تر دەکەم بێنە مەیدان و هەر یەکە و لای خۆیەوە بەردێک دانێتە سەر دیواری مێژووی پڕ لە سەروەریی شۆڕشی نوێ بەتایبەت و گەلی کوردستانیش بەگشتی.

**ئاریز عەبدوڵڵا**

**٢٠٢٣**

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان لە هەولێر بۆ؟

ئەوێ ڕۆژێ لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، هیوایەک نەمابوو کە جارێکی تر چەک و پێشمەرگە و شاخ بەدیداری یەکتر شادبکاتەوە، تروسکایەک بەدی نەدەکرا، بەداستان و قارەمانییەکانی پێشمەرگە، نیشتمان لەدوژمن پاک بکاتەوە. ئەوێ ڕۆژێ شۆڕشی کورد هەرەسی هێنابوو، نائومێدی باڵی بەسەر کوردستان کێشابوو، تاکی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان دڵتەنگ و پرسەداربوون. لەنێو ئەوهەموو نەهامەتی و کارەساتانەی بەسەر کوردو شۆڕشی کورد هاتبوو، دەستەیەک لە لاوە خوێندەوارو نیشتمان پەروەرو خوێن گەرمەکانی کوردستان، بەڕابەرایەتی سەرۆک مام جەلال زەنگی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانیان ڕاگەیاندن و هیوای گەڕانەوەی ئومێدیان بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

شاخەکان لەگەڵ پێشمەرگە ئاشنابوونەوە، قەندیل بوو بە یەکەمین مەکۆی شۆڕشی نوێ، پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پڵنگ ئاسا چالاکی و داستانەکانیان دژ بەدوژمن تۆمار دەکرد، نەیاندەهێشت خەونە گڵاوەکانی جەلادەکانی بەعس، بەئاسانی بێتەدی. پێشمەرگە بوو بە سونبولی خەبات و تێکۆشان و کوردایەتی و مەردایەتی و مقاوەمەت. تا دەهات ڕیزەکانی شۆڕش پڕ لەپێشمەرگەی ئازاو چاونەترس دەبوون، بلێسەی شۆڕشی نوێ کڵپەی کردو دەنگی دایەوە.

لەبەر گەورەیی پێشمەرگەو ڕۆڵی سەرەکی پێشمەرگە لەبونیادنان و هەڵسانەوەی کوردو کودایەتی، بە پێویستم زانی وەک وەفاو پێزانین و ڕێزلێنانێک، پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان و سنووری پارێزگای هەولێر، لە دووتوێی دوو بەرگ بەناوی «ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە هەولێر» تۆمار بکەم. بەگرنگم زانیووە، ژیاننامەو مێژوویان ون نەبێت، چونکە مێژووی پێشمەرگە دێرینەکان، مێژووی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە، تاوەکو نەوەی ئێستاو داهاتوومان هەمیشە لەگەورەیی پێشمەرگەو سەروەرییەکانی پێشمەرگەو خەباتی ڕزگاری دوێنێ شاخ، بەئاگا بێت. تا هەمووان ئاشنا بن، کە پێشمەرگە سەنتەری جێبەجێکردن و دەستەی پێشەوەی چالاکییەکان و گرەوی بردنەوەو سەرکەوتنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوونە.

لەم ئینسکلۆپدیایەدا، سیڤی و وێنەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەسنووری پارێزگای هەولێر کۆمکردۆتەوە. ژیاننامەی ئەو پێشمەرگانەی لەشاخەکانی کوردستان چەکی شەرەفیان لەشان دەکردو بوێرانە پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکرد، کە هەر لە قەزای مەخمورەوە تا حاجی ئۆمەران دەگرێتەوە، تۆمارمکردوون.
بۆزانینی خوێنەران بەخۆم و لاپتۆپێک لەخزمەت ئەم ئینسکلۆپیدیایەدا بووینە. لە قۆناغی یەکەمدا، لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی دەستم پێکردو تەمەن یار بێت لە ئایندە کار لەسەر ژیاننامەی ئەو پێشمەرگانە دەکەم کە ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانن لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندان.
لێرەوە دەمەوێ سوپاسی هەریەک لە لقەکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێرو کۆیەو سۆران بکەم، کە بەپەرۆشەوە لەم پرۆژەیەدا هاوکارو پشتیوانم بوون. سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی ئەگەر بەیەک وشە بووبێت، زانیاریان پێداوم، چ ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە ئێستا لەهاندەران نیشتەجێن یاخود لە کوردستانن.
دەمەوێ ئەو راستییە بەخوێنەرانی «ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە هەولێر» ڕابگەینم، کە بەندە لە راستی و دروستی ناوەڕۆکی ژیاننامەکان بەرپرس نیە، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەژیان ماون خۆیان فۆرمەکانیان پڕکردۆتەوەو ژیاننامەکانیان بۆ ناردوم. تەمەننا دەکەم خزمەتێکی بچوکم بە کتێبخانەی کوردی و بەم تێکۆشەرانە کردبێ، کە لە ئاست خەبات و ماندوبوونیان بێت. سڵاوو وەفاداری بۆ پێشمەرگە دێرینەکان و درووود بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان.

**حەیدەر مەنتک**
**٢٠٢٣**

# سووتەمەنییەکانی شۆڕش و قەیرانی بەهاکان

لەم پێشەکییەدا دەمەوێ باس لەوە بکەم کە ئەزمونی وڵاتانی دوای شۆڕش، گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وسەرهەڵدانی ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی هەرێمی کوردستان بۆماف وئازادیەکان وەک وەئاگاهاتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێمان دەڵێن کە سیستم و بەهاکانی شۆڕش کە تا ئێستا ڕەوایەتی بە ڕەفتارو گفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی داوە لە هەرێمی کوردستان و زۆر وڵاتی دیکەی دوای شۆڕش، پێویستە سەرلەنوێ بخوێندرێنەوەو و بە جۆرێکی دیکە تەوزیف بکرێن.
شۆڕش ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە لەسەردەم و هەلومەرجێکی دیاریکراودا. ئامانجی شۆڕشەکانی کورد بریتی بووە لە ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە، بەتایبەت بۆ سووتەمەنی و قوربانیدەرانی شۆڕشەکان. لەگەڵ گۆڕانکاری لە سەردەم و هەلومەرجەکان، پێویستە پێوەر و بەهاکانی شۆڕش سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیان بۆ بکرێ، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی حوکمرانی دا. بەداخەوە زۆربەی شۆڕشە سیاسییەکان دوای ماوەیەک جۆرێک لە نائومێدی جەمارەرییان بەدوادادێ، بە هۆی چەق بەستن و مانەوە لە نێو سەروەری شانازییەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕش. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە چوارچێوەی کولتوری شۆڕشگێڕیدا مەترسی دروستبوونی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە شۆڕش ڕەوایەتی دەدات بە دەسەڵاتی کاریزمایی و ڕەهای سیمبولەکانی شۆڕش و جیاکاریی لەنێوان ئەوانەی کە لەبەرەی شۆڕش دان و ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئەو بەرەیەدان.
پێشمەرگە ئەکتەری سەرەکی شۆڕشەکانی کوردستان بووە، یان وەک دەڵێن سووتەمەنی سەرەکی شۆڕش بووە، بێگومان لەپاڵ هەموو ئەو گروپ و توێژانەی کە لەسایەی شۆڕش و دۆزی کورددا بوونەتە قوربانی. بۆیە سەیر نیە کە لە مێژووی کوردستانی باشور، شۆڕش، دۆزی کورد و پێشمەرگە لێک جیاناکرێنەوە. پێشمەرگە بریتی بوو لە کۆمەڵێ بەهای وەک بەرگری، خۆنەویستی، مرۆڤ دۆستی، قوربانی و ئازایەتی کە گورو تینیان دەدا بە شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی. لەدوای ڕاپەڕینی جەماوەری ١٩٩١ کولتوری باڵادەستی سیاسی بریتی بووە لە بەهاو سیمبولەکانی شۆڕش، پێشمەرگەو قوربانییەکان. لەوانەیە لەسەرەتادا ئەم کولتوری شۆڕشگێڕییە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگی هەبووبێ بەتایبەتی بۆسەرەتای قۆناغی گواستنەوە لەشاخەوە بۆ شار،

بەمەبەستی گرێدانەوەی پێشمەرگە، و هەموو ئەو گروپ و توێژانەی کە وەکو قوربانی وێناکراوبوون، بە کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی ببنەوە بەشێکی چالاکی کۆمەڵگا. بەداخەوە خراپ بەکارهێنانی بەهاکانی شۆڕش، پێشمەرگەو قوربانی و تێکەڵکردنی بە پرسی حوکمڕانی و ئیداریی ئەو بەهایانە مانای دروستی خۆیان لەدەستدا. بەتایبەتیش دوای ئەوەی بەهاکانی شۆڕش بوونە سەرچاوەیەک بۆ نایەکسانی کۆمەلآیەتی و جیاکاریی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمەش بەتەوای جیاوازە لە ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕشەکانی کوردستان وپێشمەرگە.پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، یان پێشمەرگە دێرینەکان سووتەمەنی شۆڕش و هەڵگری بەها مرۆڤایەتییەکانی بەرخۆدان و خۆنەویستی، ئەوانەن کە مێژووی قۆناغێکی دیاریکراوی کوردستانی باشوربە قوربانییەکانیان دەنووسنەوە. ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان یان دانەبڕاوەکان دووبارە ئەو مێژووە دەخاتەوەڕوو سەروەرییەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا کە بەهاکانی شۆڕش لە قەیرانێکی قووڵ دان. ئەم هەوڵە لەسەردەستی برای بەڕێزم حەیدەر مەنتک کارێکی ناوازەیە بۆ دووبارە تێڕوانین و خوێندنەوەی ئەو قۆناغەی مێژووی گەلەکەمان، ئەمە بێجگە لەوەی کە گێڕانەوەی ئیعتیباریشە بۆ سووتەمەنییەکانی شۆڕش لە زەمەنێکی قەیراناوی و بێباکیدا. لێرەوە بە هەلی دەزانم کە بڵێم ئامانج وبەهاکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی پێویستە لە کۆنتێکستی خۆیاندا سەیر بکرێن و بخوێندرێنەوە، کە لەڕێی ئەم ئینسکلۆپیدیایە ئەم دەرفەتە دەخرێتە بەردەست، چونکە ئەو بەهایانە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو گونجاو بوون و بەهاکانی شۆڕش ناکرێ بۆ هەموو ئان و ساتێک بەرکاربن. بەهاکانی شۆڕش ئەگەر دووبارە تەوزیف نەکرێنەوە ناگونجێن لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی مۆدێرن وحوکمڕانی دروست. بۆ ئەوەی بەهاکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی لەکەدار نەبن پێویستە وەک مێژوو تەماشا بکرێن و ببنە سەرچاوەی وانەو ئیلهام بەخشین بۆ نەوەی نوێی دوای شۆڕش، بۆ نمونە دەکرێ بەهاکانی خۆنەویستی و بەرگری بکرێن بە بابەتی پەروەردەیی بۆ گەنجانی وڵات بە مەبەستی ڕاهێنانیان بۆ پەرەپێدانی کاری خۆبەخشی وهاوڵاتێتی کاراو خۆشەویستی نیشتمان.

**د. دانا سەعید سۆفی**
**هەولێر، ٢٠٢٣**

## ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئەحمەد عەودل قادر جەمیل (ئێڵنجاغی) | 22 |
| 2 | ئەردەڵان حەسۆ نەسرەدین قەرەنی | 25 |
| 3 | ئازاد عەبدولحەمید صالّح قادر ( ئازاد چاوشین) | 27 |
| 4 | ئاراز قادر ئەحمەد عەزیز | 29 |
| 5 | ئاری حەمید کەریم شانە | 31 |
| 6 | ئەحمەد مەحمود ڕەسوڵ محەمەد | 33 |
| 7 | ئازاد عەلی تۆفیق حەوێز | 35 |
| 8 | ئازاد عومەر هیدایەت حەمەد (ئازادە ڕەش) | 37 |
| 9 | ئیسماعیل عەبدوڵڵا مستەفا (سالار بۆگدی) | 39 |
| 10 | ئەسوەد محەمەد عەزیز حەمەد | 41 |
| 11 | ئاشتی صابیر میرە ئەمین | 43 |
| 12 | ئەشرەف ڕەسوڵ ئەحمەد (مام هیوا) | 45 |
| 13 | ئەکرەم سالّح تۆفیق محەمەد | 47 |
| 14 | ئەمیر باپیر عەزیز (مام ئەمیری شاخە پیسکە) | 49 |
| 15 | ئەمیر عەباس حەمەد مستەفا | 51 |
| 16 | ئیبراهیم عەبدولکەریم قادر (ئەبوفارس) | 53 |
| 17 | ئیبراهیم عوسمان حەمەدەمین ڕەسوڵ | 55 |
| 18 | باپیر بەکر باپیر وەیس (مامۆستا باپیر) | 57 |
| 19 | بەهرام رەسوڵ حەسەن (شـەهید بەهرام خۆشناو) | 59 |
| 20 | بەهرام سمکۆ فەرج سەعید (بەهرامی حاجی ڕەفیق) | 62 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 21 | بورهان سەلام حەسەن خدر | 65 |
| 22 | بەشدار نافیز حەمەدەمین عەبدوڵڵا | 67 |
| 23 | برزۆ ئیسماعیل مەنسور | 69 |
| 24 | جانفیدا مستەفا کەریم مستەفا | 71 |
| 25 | جەعفەر عوسمان عەلی (جەعفەر بێراوەیی) | 73 |
| 26 | جەعفەر کەریم ئەمین شانە | 75 |
| 27 | جەعفەری حەمە ئەحمەد (شەهید دەروێش قائد) | 77 |
| 28 | جەلال حوسامەدین نورولڵا (مام جەلال تاڵەبانی) | 79 |
| 29 | جەلال خورشید رەشید عەولا (جەلال ئیڵنجاغی) | 84 |
| 30 | جەمال عەلی ئەمین سلێمان (مەلا جەمال) | 87 |
| 31 | جەنگی ئەحمەد عوسمان ڕەسوڵ | 90 |
| 32 | جەنگی ڕەسوڵ عەلی سمایل | 92 |
| 33 | شەهید: جەوهەر حەوێز حەمگوڵ (جەوهەری ناسکە) | 94 |
| 34 | جەوهەر کەریم ئەمین شانە | 97 |
| 35 | چاپوک عومەر مستەفا (شێخ چاپوک) | 99 |
| 36 | چەتۆ ڕەئوف محەمەد حەوێزی (چەتۆ حەوێزی) | 101 |
| 37 | حاتەم عومەر عەزیز ئەمین (حاتەم تیمارۆکی) | 105 |
| 38 | حەمید کەریم ئەمین شانە (مامۆستا حەمید) | 107 |
| 39 | حوسێن ڕەزا حەمەد سەیدە | 109 |
| 40 | حوسێن عەزیز قادر مەحمود (حوسە ڕەش) | 111 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 41 | خەسرەو ساڵح تۆفیق محەمەد | 113 |
| 42 | خالید شەفیق حەمەدەمین (خالید حاجی مەلا) | 115 |
| 43 | تەیمور عەبدولڕەحمان ئەسعەد مام حدر | 117 |
| 44 | دارا عەبدولوهاب ئەسعەد خدر | 119 |
| 45 | دلاوەر کەریم ئەمین شانە | 121 |
| 46 | دڵزار ڕەفیق کوێخا محەمەد (کوێخا) | 123 |
| 47 | دڵزار عەلی حەمەد مەحمود (دڵزار حەمشین) | 125 |
| 48 | دڵزار سەدیق حەمە باپیر (دڵزار سام) | 127 |
| 49 | دڵسۆز بەکر فەتح الله ئەمین | 129 |
| 50 | دڵشاد عەلی تۆفیق حەوێز (مەلا دڵشاد) | 131 |
| 51 | دڵشاد عەزیز عەبدوڵڵا | 133 |
| 52 | دلێر حەمەد کەریم (دلێر تەقتەقی) | 135 |
| 53 | دلێر عەبدوڵڵا تاهیر عەبدوڵڵا | 137 |
| 54 | دلێر زاهیر نادر حەمەد (دلێر تاقانە) | 139 |
| 55 | ڕەهبەر برایم سەعید بەرزنجی | 141 |
| 56 | ڕەفیق شەفیق حەمەدەمین (باواجی حاجی مەلا) | 144 |
| 57 | زیرەک خدر حەمەدەمین (زیرەک چاوشین) | 146 |
| 58 | صاڵح تۆفیق محەمەد | 149 |
| 59 | صاڵح صەدرەدین صاڵح ئەحمەد (مەلا صاڵح) | 151 |
| 60 | سمایل خدر قادر کافرۆشی (شەهید سمایل) | 153 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 61 | سەباح بەکر مەلا عەبدوڵڵا | 155 |
| 62 | سەباح عەبدولقادر عەبدولڕەزاق (سێوە) | 158 |
| 63 | سەدیق ئەوڕەحمان ڕەسوڵ | 160 |
| 64 | سەرباز حاجی عەبدوڵڵا ئەمین | 162 |
| 65 | سەرکەوت حەسەن تەها حوسێن | 165 |
| 66 | سەعدی مەلا تۆفیق محەمەد (گەرمکی) | 167 |
| 67 | سەلاح حەوێز نەجمەدین محی دین | 169 |
| 68 | سەمەد محەمەد ئیسماعیل (شەهید فریاد قەسرۆکی) | 171 |
| 69 | سەفین عەبدولقادر حەمید | 173 |
| 70 | سیامەند حەمە ڕەزا فەتاح (مام سیامەند) | 175 |
| 71 | شێردڵ عەبدوڵڵا تەها (شێردل حەوێزی) | 177 |
| 72 | شێرکۆ ساڵح تۆفیق محەمەد | 180 |
| 73 | شێروان حەسەن تەها حوسێن | 182 |
| 74 | عەبدولڕەزاق محەمەد (شەهید عەبدولڕەزاق سێگردکانی) | 184 |
| 75 | عەزیز مەعروف قادر (شەهید نەهرۆ قەسرۆکی) | 186 |
| 76 | عەبدولڕەزاق عەبدوڵڵا تۆفیق حەوێز | 189 |
| 77 | عەبدولکەریم ڕەئوف تاهیر (دکتۆر کەریم) | 191 |
| 78 | عەزیز عەلی عەبدوڵڵا ئیسماعیل | 193 |
| 79 | عەلی حەوێز علی | 195 |
| 80 | عەلی محەمەد ساڵح بورهان (شێخ عەلی) | 198 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەرە |
|---|---|---|
| 81 | عەلی محەمەدەمین شاکر (عەلی ویزی) | 201 |
| 82 | عوسمان عومەر عەلی (عوسمانی جیهاز) | 203 |
| 83 | عوسمان محەمەد وسو (مامۆستا عوسمان) | 205 |
| 84 | عومەر مستەفا محەمەدەمین (عومەر دەبابە) | 207 |
| 85 | غەفور عەبدوڵڵا حەمەد (شەهید مەلا عەزیز بەردەسپی) | 210 |
| 86 | فاخیر محەمەد سادق (فاخیر شیلەیی) | 212 |
| 87 | فاروق عەلی مەولود حەمەد | 214 |
| 88 | فەتاح ڕەسوڵ ئەوڕەحمان (شێخ فەتاح) | 217 |
| 89 | فەتح الله حەمیدساڵح حەسەن (داربەسەرۆ) | 219 |
| 90 | فەرهاد ئیبراهیم حەمە شرین ئیبراهیم | 221 |
| 91 | فەهد عەلی مەولود حەمەد | 223 |
| 92 | فەیزوڵڵا عەبدوڵڵا حەمەد ساڵح (فەیزە) | 225 |
| 93 | قاسم حەمەد مەحمود | 227 |
| 94 | قاسم عەبدوڵڵا فەتاح ڕەحمان (قاسمە سوور) | 229 |
| 95 | قوباد ڕەفیق حەمەد | 232 |
| 96 | کاروان بەهرەم ڕەسوڵ خۆشناو | 234 |
| 97 | کاکە ڕەش محەمەد مستەفا محەمەد | 236 |
| 98 | کامەران ئەحمەد حەمەد (شەهید کامەران کۆیی) | 238 |
| 99 | کامەران ڕەئووف تاهیر عەبدوڵڵا | 240 |
| 100 | کاوە ئەمین کەریم شانە | 242 |

# ناوەڕۆک



| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 101 | کاوە ئەنوەر نادر (مامۆستا کاوە) | 244 |
| 102 | کەریم عەبدوڵلا عەلی ئەحمەد | 247 |
| 103 | کەیوان ساڵح تۆفیق محەمەد | 249 |
| 104 | کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی | 251 |
| 105 | محەمەد حەسەن عومەر (حەمە هەڵدێر) | 254 |
| 106 | محەمەد حەمەد مستەفا (حەمە سیاسی) | 257 |
| 107 | محەمەد عەبدولمەجید ساڵح قادر | 259 |
| 108 | محەمەد فوئاد مەعسوم | 261 |
| 109 | محەمەد قادر شەریف (مامە حەمە) | 264 |
| 110 | محەمەد قادر کەریم (حەمە تەکەوری) | 266 |
| 111 | محەمەد کەریم مەولود (بانیمارانی) | 268 |
| 112 | محەمەد مستەفا ئیبراهیم (محەمەد سیاسی) | 270 |
| 113 | مستەفا مەغدید ڕەشید (ئازاد خۆشناو) | 272 |
| 114 | مشیر حەمە غەریب یەحیا (دکتۆر مشیر) | 274 |
| 115 | ملک ڕەفیق کوخا محەمەد (شەماڵ) | 276 |
| 116 | مەجید مەحمود سلیمان (کافرۆشی) | 278 |
| 117 | مەوفەق حەویز ڕەسوڵ پیرۆت | 280 |
| 118 | میرحاج محەمەد ساڵح بورهان | 282 |
| 119 | نازم عومەر مستەفا (مامۆستا نازم) | 284 |
| 120 | نەسروڵلا عەلی مەحمود (ئیڵینجاغی) | 287 |

## ناوەرۆک



| لاپەڕە | ناوی سیانی پێشمەرگە | ژمارە |
|---|---|---|
| 290 | نەهرۆ محەمەد ساڵح بورهان | 121 |
| 292 | نەوزاد جەمال مستەفا (شەهید نەوزاد) | 122 |
| 294 | نەوزاد کاکە ڕەش سەعدون ئیبراهیم | 123 |
| 296 | نیازی کاکە ڕەش سەعدون ئیبراهیم | 124 |
| 298 | هاشم عەلی ڕەشید عەزیز (هاشمی مام عەلی) | 125 |
| 301 | هاشم قادر ئیسماعیل تەها | 126 |
| 303 | هندرێن ڕەئووف تاهیر عەبدوڵڵا | 127 |
| 305 | هەلۆ عەبدوالواحید صۆفی (دکتۆر هەڵۆ) | 128 |
| 307 | هونەر تاهیر بەگ | 129 |
| 309 | هیمداد تاهیر حەوێز سەعید (بەگ) | 130 |
| 311 | هیمداد عەبدوڵڵا حەسەن (دکتۆر هیمداد) | 131 |
| 313 | هیوا حەمەدەمین حەسەن (هیوا دۆشکە) | 132 |
| 316 | هیوا جەنگی بورهان نوری | 133 |

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە

# دێرینەکان ـ کۆیە

# ئەحمەد ئیلنجاغی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: احمد عبدالله قادر جمعه
نازناو: احمد ئیلنجاغی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ٤٤٥

مام جلال

ـ ناوی تەواو: ئەحمەد عەودل قادر جەمیل

ـ ناسراوە بە: ئەحمەد ئیلنجاغی

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە لە گوندی ئیلنجاغ

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: مەحبوبە عەلی مەولود

ـ لە ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوڵ تا نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠ لەڕێگەی هەڤاڵ (فاروقی عەلی مەولود) پەیوەندی دەکات..

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

ـ ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) ئەوکات شەهید ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٤ لەبەر دڵسۆزی و دیسپلینی پێشمەرگایەتی کراوەتە (فەرماندەی مەفرەزە)

ـ لە مانگی (٨) ی ساڵی ١٩٨٨ یەکێک بوە لەو مەفرەزە پارتیزانانەی ڕەتلی هەولێر تا ٢٠/ ١١/١٩٨٩ واتە (١٤) مانگ لە سنوری هەولێر و خۆشناوەتی بە پارتیزانی دەمینێنەوە. لە کۆتا تەشکیلات ناوبراو لە بەتالیۆنی (٨) کە شەهید مەلا سلێمان فەرماندەی بەتالیۆن بوە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. (١ـ بەنەباوی ٢ ـ شەڕی جوندالسلام)

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٨)

ـ دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت

ـ ناوبراو لەڕاپەڕین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

ـ له تەشکیلاتی دوای راپەرین له لێژنەی بەرەی کوردستانی و دواتر له سوپای یەکگرتووی کوردستان درێژەی به خەبات داوه..

ـ سالآنی ١٩٩٤ ـ ١٩٩٥ له لەشکری (٤) ی بەڕانەتی درێژەی به پێشمەرگایەتی داوه. له دوای (٣١) ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی شاری (ڕانیه) دەبێت و له فەرماندەیی (٢) ی هەولێر له هێزی (موتەفەریقه) خەبات و پێشمەرگایەتی درێژه پێداوه بەپلەی فەرماندەی هێز.... له سالّی ٢٠٠٣ خانەنشین بووه..


ـ ئەو سالآنەی پێشمەرگه بووه بەشداری له چەندین هێرش و بەرگری کردووه له سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وه سنوری سەرکردایەتی..


ـ خاوەنی (٢) مەدالیای زێڕینی پارتیزانی و دانەبڕاوی یه..

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگه دێرینەکان: ٤٤٥

ـ ناوبراو پاش (٤٠) سالّ خەبات له بەرواری ٢٠١٤/١١/٣ بۆ دواجار مالّئاوایی کرد.

# ئەردەڵان حەسۆ




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: ئەردەڵان حەسۆ نصر الدين
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمارە: ١٤٦٤

مام جلال

- ناوی تەواو: ئەردەڵان حەسۆ نەسرەدین قەرەنی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: بەیان عەبدوڵڵا هەمزە

- ناوی منداڵەکانی: ماتاڤ/ تامان/ ڕاڤە/ ئاڤار/ شاڤا

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣/١٠/١٢

- ئۆرگان: تیپی (٢١) ی کەرکوک

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ و کەرکوک و سەرکردایەتی...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بوە، لە دۆڵی خەلەکان/ گرتنی سەری ڕەش بەرد قەڵشیۆ..

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری پەیوەندییەکانی پیرانشەهر

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە...

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین چەندین ئۆرگان و بەرپرسیاریەتی بینیوە وەک جێگری پەیوەندیەکان لە ئێران/ زانیاری لەشکر/ ڕابەری سیاسی فەرماندەیی..

- دواپلەی ئەندامی فەرماندەیی (٢) ی هەولێر

- ناوبراو چەندین خولی بینیوە/ فەرماندەیی گەیلان غەرب لە ساڵی ١٩٨٩/ تایبەت لە کۆیە لە ساڵی ١٩٩٤/ زانیاری لە قەڵاچۆلان ١٩٩٥/ خولی تایبەت سەراوی سوبحانەئاغا ١٩٩٩/ ئەفسەرانی کانی گۆمە لە ساڵی ٢٠٠٤.

- لە رۆژی ٢٠١١/٣/٤ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٦٤

# ئازاد چاوشین





كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی ی.ن.ك

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ك كە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەكەماندا
و ئەیساوتە خەباتیان كردووە

ناوی چواری: ئازاد عبدالحمید صالح
نازناو: ئازاد چاوشین
ساڵی لەدایك بوون: ١٩٦١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٨٤٧

مام جلال

- ناوی تەواو: ئازاد عەبدولحەمید سالّح قادر

- ناسراوبە: ئازاد چاوشین

- سالّی لە دایکبوون: ١٩٦١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ئاشنا محەمەد قادر

- ناوی منداڵەکانی: ڕەهەند/ ئەلەند

- سالّی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە سالّی ١٩٨٢ تاوەسالّی ١٩٨٣ لەناو ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی پێشمەرگە بووە لە دۆڵی سماقوڵی

- لە سالّی ١٩٨٣ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ئۆرگان: تیپی (٩٣)ی کۆیە/ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە کەرتەکانی (١/٣/٢)

- ناوبراو پارتیزان بووە لە دوای قۆناغەکانی ئەنفال لە سنوری دەشتی کۆیە/ دۆڵی خەلەکان/ چیای کۆسرەت..

- ئەو سالّانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری و زۆربەی داستانە گەورەکان کردووە لە سنوری تیپی (٩٣) ی کۆیەو مەڵبەندی (٣) ی هەولێرو سەرکردایەتی بە گشتی.

- دوا پلەی لەپێش ڕاپەرین: لێپرسراوی مالیەی بەتالیۆنی (٩) ی کۆیە.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- ماوەیەک ئەفسەر بووەلە لیوای تایبەتی بەرێز مام جەلال.

- دوا پلەی لەناو هێزی پێشمەرگە: لێپرسراوی ئیدارەی میحوەری کۆیە لە گردجان.

- دوا پۆستی لە حکومەت: عەمیدی ئاسایش لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر لە کۆیە.

- دەرچووی خولی ئەفسەرانی ئاسایش لە ئەکادیمیای قەڵاچۆلان. خولّی زانیاری لە ئەزمەر

- خاوەنی (٣) مەدالیایە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٤٧

# ئاراز قادر ئەحمەد عەزیز



ـ ناوی تەواو: ئاراز قادر ئەحمەد عەزیز

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: پەیمانگای تەکنەلۆجی

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی سیانی هاوسەری: جوان جەمال حاجی

ـ ناوی منداڵەکانی: سایە/ باوان/ دارکۆ/ کانیلە

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

ـ ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی.

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: قاسمەڕەش/ سەرکردایەتی

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت

ـ لە دوای ڕاپەڕین کاری کردووە لە کەرتی ڕێکخستنی ستۆکهۆلم لە سوید

# ئاری حەمید کەریم شانە





- ناوی تەواو: ئاری حەمید کەریم شانە
- ناسراوبە: شانە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٢
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: سروە جەنگی
- ناوی منداڵەکانی: سهاک/ سات/ سوێ
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: دەزگای ئیدارەی گشت/ لە مەرگە.. ناوبراو لەگەڵ شەهید حەمید کەریم شانەی باوکی بووە.
- ئەو سالآنەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری سەرکردایەتی و سنوری تیپی (٦١) ی کۆڕەش..
- ساڵی ١٩٨٦ لە بارەگای مەکتەبی عەسکری بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٨ گواسترایتەوە تیپی (٦١) ی کۆرەش
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی شەڕگە/ هێزی (٩) میحوەری بیتوێن.
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.
- لە ساڵی ١٩٩١ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بووە تا ساڵی ١٩٩٢
- لە ساڵی ١٩٩٢ تاوەکو ساڵی ١٩٩٤ مفەوەزی ئاسایش بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ گواسترایتەوە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر تا ساڵی ٢٠٠٣
- دوا شوێنی ئۆرگانی: هەواڵگری سەربازی لە فەرماندەیی گشتی.
- ناوبراو دووجار بریندداربووە لە ژیانی پێشمەرگایەتی
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٠٣١

# ئەحمەد مەحمود ڕەسوڵ محەمەد





- ناوی تەواو: ئەحمەد مەحمود ڕەسوڵ محەمەد

- ناسراوە بە: مام ئەحمەد

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سارتکە

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: فاتیمە مەحمود عەبدوڵڵا

- ناوی منداڵەکانی: فاروق/ تاریق/ شیلان/ پەرێز/ ڕێزان/ سەیران

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٥ تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی ئەیلول لە سنوری سورقاوشان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٨

- ئۆرگان: تیپی (٢١)ی کەرکوک

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.


- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٧)

- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە ..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٨٥٣

# ئازاد سەرسپی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و لەپێناویدا خەباتیان کردوە

ناوی چواری: ئازاد علی تۆفیق

ناز ناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٠

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥

ژمارە: ٢٠٩٢

مام جلال

- ناوی تەواو: ئازاد عەلی تۆفیق حەوێز
- ناسراوە بە: ئازاد سەرسپی
- ساڵی لە دایکبوون : ١٩٥٠
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای کشتوکاڵی ئەبوغرێب
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: گوڵبەهار سەلام حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکانی: هێمن/ هەوار/ هەردی
- ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردبوو لە ساڵی ١٩٧٤ .
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٥/٧/١٤
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥/٤/١٧
- ئۆرگان: دەزگای دارایی
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەلبەندی (٣) ی هەولێر..
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندامی دەزگای دارایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو سەرەتا لە بەرەی کوردستان/ دواتر بەڕێوەبەرایەتی گومرگ
- لە پۆستی حکومەت ناوبراو بەڕێوەبەری گومرگی ڕاپەرین/ سەرۆکی شارەوانی کۆیە/ پشکینەر لە وەزارەتی دارایی/ ڕاوێژکار لە وەزارەتی کشتوکاڵ ..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٩٢

# ئازادە ڕەش





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەمانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: ئازاد عمر هیدایت
نازناو: ئازادە ڕەش
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٠٠٩

مام جلال

- ناوی تەواو: ئازاد عومەر هیدایەت حەمەد

- ناسراوە بە: ئازادە ڕەش

-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سازگار فەتاح حەمەد

- ناوی منداڵەکانی: ژیلیا/ ژیلوان/ ژیار/ ژیرکار

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە لە سنوری (قەڵادزێ)

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ناوەندی شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: بارەگای ناوەندی شۆڕشگێڕان

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی

- دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ گوازرایەوە تیپی (٩٣) کۆیە، ناوچەی شۆڕشگێڕان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣)ی کۆیە

- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: کادیر

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی، ئاسایش، پۆلیس خزمەتی کردووە.

- دەرچووی خولی شەهید جەمال عەلی باپیرە (ئەفسەرانی ئاسایش)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٠٠٩

# سالار بۆگدی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەبەزانە خەباتیان کردووە

ناوی چواری: اسماعیل عبدالله مستەفا ابراهیم
نازناو: سالار بۆگری
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧
ژمارە: ٤٢٧

- ناوی تەواو: ئیسماعیل عەبدوڵڵا مستەفا ئیبراهیم

- ناسراوە بە: سالار بۆگدی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٣

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: پەروین مەحمود قادر

- ناوی منداڵەکان: پرشنگ/ گوڵاڵە/ هاوژین/ بێریڤان/ ژوان/ لاوین/ ساوین/ شوان

- لە شۆرشی ئەیلول بەشدار بووە وەک کاری ڕێکخراوەیی، لێپرسراوی ڕێکخراو بوە لە ناوچەی کۆیە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧١

- ئۆرگان: (کۆمەڵەی مارکسی لینین)

- لە ١٩٧٦/٣/٢٥ تاوەکو ١٩٧٦/١١/٢٠ لە کەرکوک زیندانی کراوە..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: لە مانگی (٣)ی ١٩٧٧

- ئۆرگان: سەرەتا مەفرەزە سەرەتایەکان/ دواتر لە هەرێمی (٢)ی چەمی ڕێزان/ لە کەرتی (شێخ جەواد) ئەوکات کاکە حەمەی مامە سەلام فەرماندەی هەرێمی (٢) بوو

ناوبراو بەشداری شەڕی هەکاری کردووە لە ساڵی ١٩٧٨..

- ماوەیەکی کەم ناوبراو سەرپەرشتیاری قوەی هەرێمی (٢) ی کردووە.

- لە ساڵی ١٩٧٩ ڕابەر سیاسی کەرت بووە لە هەرێمی (٢)..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٢) ی کەرکوک و هەولێر/ وە سنوری سەرکردایەتی ...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لەشەڕی قازان

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: لێپرسراوی کۆمەڵایەتی تیپی ٢١ی کەرکوک

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە.....

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٤٢٧

# ئەسوەد محەمەد عەزیز حەمەد





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆرشی نوێی گەلەکەماندا
و بەپیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: اسود محمد عزیز حمە
ناز ناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
ژمارە: ٢٠٥٦

- ناوی تەواو: ئەسوەد محەمەد عەزیز حەمەد

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نەرمین عەبدوڵڵا عومەر

- ناوی منداڵەکانی: ئەحمەد، محەمەد، ئەلەند

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (یەکێتیی شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی/ ناوەندی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ سەرکردایەتی..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئیدارەی سەرکردایەتی/ هێزەکانی قاسمەڕەش

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیری ئیداری

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە ١ـ دێگەڵە ٢ـ سەری ڕەش.....


- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ڕۆڵی باشی بینیوە لەگەڵ هاوسەنگەرانی ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان کاری کردووە.

- دواپلەی: فەرماندەی تیپ

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٥٦

# ئاشتی صابیر میره





- ناوی تەواو: ئاشتی سابیر میرە ئەمین

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: عائیشە مستەفا ئیبراهیم

- ناوی منداڵەکانی: گەلاوێژ، شاخەوان، تریفە، ژیلوان، شەمۆل، شاهۆ، شیڤان

- ناوبراو پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە لە بەتالیۆنی (٢)ی حاجی قەلا

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩

- ئۆرگان: بارەگای مەکتەبی (عەسکری)

- لەبەر ئەوەی لە ناو ئۆرگانی ڕێکخستنەوە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە کردووە کراوەتە (فەرماندەی مەفرەزە.

- لەساڵی ١٩٨٠ لە قوەی دەشتی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە

- ١٩٨١لە تیپی (٩٣) کۆسرەت کراوەتە (جێگر کەرت) پاش تەشکیلاتی تیپی (٩٣) کۆیە لەم تیپە بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان.

- لەساڵی ١٩٨٤ کراوەتە فەرماندەی (کەرتی ٤)ی شەهید سەرباز. لە تەشکیلاتی ساڵی ١٩٨٨ کراوەتە (فەرماندەی تیپی (٩٣)ی کۆیە. لە ساڵی ١٩٨٩ لە بە تالیۆنی (٩) ی کۆیە کراوەتە لێپرسراوی بارەگا. دواتر (٤٥) ڕۆژ پارتیزان بووە لە سنوری کۆیە.. ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری تیپی (٩٣) ی کۆیەو مەڵبەندی (٣) ی هەولێر و سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە قەیوان/ کەلکە سماق

- ناوبراو لە پێش ڕاپەرین بەشداری خولی گەیلان غەربی کردووە.

- ئەو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە ساڵی ١٩٩١ جێگری بەتالیۆنی (٣١) ی کۆسرەت بووە، ساڵی ١٩٩٢ (فەرماندەی فەوجی ١ی لیوای (٢٦) بیتوێن بووە، لە ساڵی ١٩٩٦ جێگر لەشکری (٩) ی کۆیە بووە، لە دوای ٣١ی ئاب لە فەرماندەیی (٢) هەولێر لەبەشی چاودێری و پشکنین بوو، ماوەیەک جێگر لەشکربووە لە فەرماندەیی (٩)ی کۆیە / لە ساڵی ٢٠٠٣ کراوەتە سەرلەشکری تەق تەق ..

- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین (جێگرلیوا) بووە لە لیوای (١٢٦) ی کۆیە

خولی (٣) ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانی کردووە، ناوبراو بە پلەی فەریق خانەنشینکراوە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٦٤

# مام هیوا





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: اشرف رسول احمد فقی

نازناو: مام هیوا

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٠

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٨

ژمارە: ١٢٣٥

مام جلال

- ناوی تەواو: ئەشرەف ڕەسوڵ ئەحمەد فەقێ

- ناسراوە بە: مام هیوا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٠/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: شیرین تەها ئیسماعیل

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٨

- ئۆرگان: تیپی (٩٣)ی کۆیە/ کەرتی (١)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)


- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و چەندین ئۆرگانی بینیوە و پلەکانی پێشمەرگایەتی بریووە تا فەرماندەی (تیپ)

- دەرچووی خولی (٥) ی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە/ دەرچووی خولی (ئەمریکی) یە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٣٥

# ئەكرەم ساڵح تۆفیق محەمەد




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە ئاماژەیە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان
و بەشداریان لە جەنگیان کردوە

ناوی چواری: اكرم صالح توفیق محمد
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٢٣٣٣

ـ ناوی تەواو: ئەکرەم ساڵح تۆفیق محەمەد

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: مریەم ئیبراهیم حەسەن ئیبراهیم

ـ ناوی منداڵەکانی: هاوژین/ شەیدا

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

ـ ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ کەرتی (٤)

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە بناری کۆسرەت

ـ ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە لەشکری (٩)ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە .

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٣٣

# مام ئەمیری شاخەپیسکە





- ناوی تەواو: ئەمیر باپیر عەزیز حوسێن

- ناسراوە بە: مام ئەمیری شاخەپیسکە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شاخە پیسکە/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: فەیرۆز حەسەن برایم

- ناوی منداڵەکانی:گەشبین/ شادبین/ ڕەیان/ پەیام

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٤ تاوەکو نسکۆ پێشمەرگە بووە لە هێزی بێتواتە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت لە کۆتا تەشکیلات لە بەتالیۆنی (٨)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە لەڕزگارکردنی شاری هەولێر تا شاری کەرکوک


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و چەندین پلەی وەرگرتووە.

- بەشداری خولەکانی ئەهواس و گەیلان غەرب و فەرماندەیی (٢) هەولێر/ خولی سەربازی لە زەلێ

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٤٤

# خاڵە ئەمیر





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردووە

ناوی چواری: ئەمیر عەباس حەمەد مستەفا
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
ژمارە: ١٠٠٨

مام جلال

- ناوی تەواو: ئەمیر عەباس حەمەد مستەفا

- ناسراوە بە: خالە ئەمیر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تیمارۆک، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: بەفرین ئیبراهیم ڕەشید

- ناوی منداڵەکانی: ئەژین، هەڵکەوت، هەڵمەت، هەردی، ڕێژین، هێدی

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩

- ئۆرگان: هەرێمی (٥) ئەوکات شەهید سیروان تاڵەبانی سەرپەرشتی هەرێمی (٥) کردووە.

- لە ساڵی ١٩٨٠ لە هەرێمی (٢) درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات، ئەوکات عەلی بچکۆل فەرماندەی هەرێم بوو.

- لە ساڵی ١٩٨١ دەگوازرێتەوە تیپی (٩٣)ی کۆیە، کەرتی ڕێکخستن، ئەوکات شەهید شەماڵ فەرماندەی تیپی (٩٣) ی کۆیە بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە بووە.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە لە بازیان، چەمی ڕێزان، کۆیە.

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە .

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٠٠٨

# ئەبو فارس




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆرشی نوێی گەلەکەماندا و ئەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: ابراهیم عبدالکریم قادر عبدالله

نازناو: ابوفارس

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ٢٠٦٨

مام جلال

- ناوی تەواو: ئیبراهیم عەبدولکەریم قادر عەبدوڵڵا
- ناسراوە بە: ئەبو فارس
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: سەرباغ کەریم عومەر
- ناوی منداڵەکانی: ئەلاس/ لاجان
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێران)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ سەرکردایەتی/ پشتیوانی ئێران
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای مەکتەبی سیاسی
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین چەندین ئۆرگانی جیا جیای بینیووە.
- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین فەرماندەی تیپ بووە.
- دەرچووی خولی ئەکادیمیای (١) ی قەڵاچۆلانە
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٦٨

# شەهید:ئیبراهیم عوسمان حەمەدەمین



- ناوی تەواو: ئیبراهیم عوسمان حەمەدەمین ڕەسوڵ

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی ڕەش/ ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: خوناو کەریم مەحمود

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: بارەگای مەڵبەندی (٤) ی یەکێتیی

- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٩٣)ی کۆیە/ کەرتی (٢)

- لە دوای ئەنفالەکانیش ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (١٩)ی کۆڕەک کە ئەوکات هەڤاڵ (دلێر تەق تەقی) فەرماندەی تیپی (١٩) ی کۆڕەک بووە.

- دوا پلەی لە تیپی (١٩)ی کۆرەک فەرماندەی (کەرت) بووە..

- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی کردووە. وەک: لێدانی ڕەبیەی سەر پرۆژەی ئاوی دار بەروو/ قەیوان ماوەت/ داستانی ڕزگاری/ گرتنی دێگەڵە/ شەڕی بنەباوێ/ قۆپی سوری میراوەی شەقڵاوە/ ئەنفالەکان/ چیای سادر و چەکوچ/ چەندین نەبەردی تر کە باس ناکرێن..

- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە دۆڵی جافایەتی.

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری کاریگەری هەبوو لە ڕاپەرینە مەزنەکە.

- لەدوای ڕاپەرین بەشداری زۆربەی هێرش و بەرگریەکانی کردووە بەرامبەر ڕژێم و نەیارانی کورد کە ویستویانە ببنە مەترسی بۆسەر یەکێتیی و خاکی کوردستان.

- دواتر لە هێزی (٧) ی کۆیە/ بەتالیۆنی (٧٥)ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا

- شەهید ئیبراهیم وەک پارتیزان و دانەبراوی هێزی پێشمەرگە ماوەتەوە تا ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی (فەوجی کۆیە سەربە سوپای یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان)

- دوا پلەی فەرماندەی (سریە) سەربە فەوجی (کۆیە) سوپای یەکگرتووی کوردستان.

- شەوی ٢٣ لەسەر ١٩٩٣/١٢/٢٤ شەهید بووە.

# مامۆستا باپیر





كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی ی.ن.ك

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ك كە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەكەماندا و نەپساوانە خەباتیان كردوە

ناوی چواری: باپیر بكر باپیر وەیس

نازناو: مامۆستا باپیر

ساڵی لەدایك بوون: ١٩٥١

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ٦٦١

ناوی تەواو: باپیر بەکر باپیر وەیس
- ناسراوە بە: مامۆستا باپیر
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی عەودالان/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دبلۆم/ پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر/ دواتر کۆلیجی یاسا/ زانکۆی سلێمانی.
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: نەسرین ئەحمەد باپیر
- ناوی منداڵەکانی: هاوکار/ شکار/ ژیار/ ساکار/ خۆشی/ بێلان/ لانە..
- ناوبراو لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کاری کردووە تا ساڵی ١٩٧٤ ..
- لە تەمووزی ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دواتر ناوەکەی گۆردرا بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢/٢/٥
- ئۆرگان: ناوەندی کۆمەڵە/ خڕی ناوزەنگ

- کارگێڕی ڕێکخراوی کۆمەڵەبووە لە سوسێ، ئەوکات شەهید بەهرۆز قەشقەیی لێپرسراوی ڕێکخراو بوو. دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپەکانی ٩٣ی کۆیە، ٩١ی سەفین، ٢١ی کەرکوک.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەلبەندی (٣) ی هەولێر و سنوری بیتوێن و بناری کۆسرەت و سنوری سەرکردایەتی. وەک سماقوڵی، سوسێ، ئاغجەلەر، گرتنی قەلاتەی تەق تەق، هێرشی سەر هەولێرو قوشتەپە، گرتنی تەوەکەل، شەرەکانی کاتی ئەنفال، شەری بەرگری لە سەرکردایەتی لە گەڕەدێ، شەڕەکانی شەقڵاوە.

- ناوبراو سەرپەرشتیاری ڕاپەرینی شاری کۆیەبوو.

- لە قۆناغی دوای ئەنفال پارتیزان بوە، ١- ماوەی مانگێک دوای قۆناغی ئەنفالەکان بە پارتیزانی ماوەتەوە لە سنوری کەرکوک لەگەڵ پێشمەرگەکانی تیپی (٢١) هۆکارەکەشی ئەوکات دەرباز نەبوون..


٢- پێش ڕاپەرین بۆماوەی (٢٥) ڕۆژ بە پارتیزانی ماوەتەوە بۆ ئامادەکاریەکانی ڕاپەرین..
- ناوبراو سەرپەرشتی ڕاپەرینی کۆیەی کردووە.

- یەکەم بروسکەی ڕاپەرین کە دراوەتە سەرکردایەتی لەسەر شاری ڕانیە (م. باپیر) ناردویەتی لە گوندی (قەمتەران) هەر ئەو بروسکەی ناوبراو یەکەمجار لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرایەوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: ناوبراو چەندین پۆستی حزبی و حکومی وەرگرتووە لە حزب لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیە، بەرپرسی ئیدارەو مالیەی لەشکری (٢) لە شەقڵاوە، تا جێگری لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتیمانیەکان/ لە حکومەتیش بەڕێوەبەری گشتی ئەزمونەکانی هەرێم بووە لە وەزارەتی پەروەردە.

- چەندین خولی ئەکادیمی سیاسی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بینیوە وەک خولی ئەکادیمی سیاسی لە سێروان، خولی فەرماندەیی تۆپخانە، خولی ڕۆشنبیری لە ئەکادیمیای قەڵاچۆلان. وە دەیان خولی ئەکادیمی لە بواری پەروەردەیی لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکانی پەروەردەیی..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٦٦١

# شـەهید: بەهرام خۆشناو



ـ ناوی تەواو: بەهرام ڕەسوڵ حەسەن حەسەن

ـ ناسراو بە: بەهرام خۆشناو

ـ ساڵی لەدایکبوون: ٨ـ٣ـ١٩٥١

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە.

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە مەجید عەبدوڵڵا

ـ ناوی منداڵەکانی شەهید: کاروان، ڕاسان، کوێستان، پەیمان، تامان، پەیام، شۆخان، داستان.

ـ لەشۆڕشی ئەیلول بەشداری کارای هەبوەو لە ساڵی ١٩٦٧تا ساڵی ١٩٧٥ پێشمەرگە بووەو بەشداری چەندین شەری کردووە.

ـ لەساڵی ١٩٧٥ مەفرەزەی ناوشار بووە لەگەڵ شەهیدان ئازادی حەمە گەمحان و شەهید جەعفەر

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

ـ لەساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە کردووە بەبەرێز مەلابەختیار.

ـ لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٦ لەشەرێکی دەستەویەو سەخت لەگەڵ پیاوانی ڕژێم لەگوندی حاجی قەلا لەم شەرەدا شەهید (بەهرام ڕەسوڵ) برینداربووە.

ـ لەساڵی ١٩٧٧بۆ ئەنجامدانی چالاکیەک شەهید دێتەوە ناوشار بەلام ڕژێم زانیاری وردی هەبووەو دەستگیریان کردووە ماوەی (٨) مانگ بێ سەرو شوێن بووە دواتر دەزانرێ لە هەئیەی خاسەی کەرکوک بووپاشان ڕەوانەی بەندینخانەی ئەبوغرێب دەکرێ و حکومی (ئەبەدی) بۆ دەردەچێت..

ـ لە لێبوردنە گشتیەکەی ساڵی ١٩٧٩ ئازاد دەکرێ

ـ لەساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردۆتەوە بە پێشمەرگایەتی لەبەر ئازایی و بانگراوندی پێشمەرگایەتی کرایتە فەرماندە مەفرەزە.

ـ هەرلە هەمان ساڵ ڕژێمی سەدام دایک و خوشک و برایەکی و خێزانی و دوو منداڵی دەستگیر کرد لەگەڵ کەسوکاری شەهید دکتۆر خالید.ماوەی یەک ساڵ و سێ مانگ ماینەوە لە بەندینخانەی (عمارە).

ـ لە ساڵی ١٩٨٢لە تیپی (٩٠) ی باوەجی کراوەتە فەرمانده‌ی کەرت.

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ گواسترایەتەوە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی .

ـ لەساڵی ١٩٨٤ گواسترایەتەوە بۆ تیپی (٩٧) ی بیتوێن

- له شەڕی گرتنی بێتواته به سەختی بریندار دەبێت

- لەساڵی ١٩٨٦ لەسەر داوای سەرکردایەتی دەگوازرێتەوە بۆ بەندینخانەی خەتێ بۆماوەی (٢) ساڵ بەرپرسی پاسەوانی ئەم بەندینخانەیە بووە.

- له ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی کردووەو ڕۆڵی کارای هەبووە لە گرتنی مۆڵگەو ڕەبیەکانی ڕژێم لە سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێرو سەرکردایەتی و چەندین شوێنی تروەک شەڕی حاجی قەلا- مەسیف - کۆیە - شەقڵاوە - بێتواتە - هەولێر- کەرکوک - شەڕەکانی سەرکردایەتی - ڕانیە - دەشتی کۆیە.

- دوا پلەی فەرماندەی جێگری تیپی ٨٣ی هەورێ بووە لە کۆتایی ١٩٨٩ بۆ ساڵی١٩٩٠ لە نۆکان کە ئەوکات قاسمە سوور فەرماندەی تیپ بووە..

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕین دەکات و لە ڕزگارکردنی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان ڕۆڵی کارای هەبووە.

- لە گەڕانەوەی ڕژێم بۆ ناوچە کوردستانیەکان لە ٣١-٣-١٩٩١ لە چیای هەیبەسوڵتان بە سەختی بریندار دەبێ و ڕەوانەی ئێران دەکرێ بۆماوەی (١) مانگ و چارەسەری پێویستی نابێ و پاش (٢) مانگ شەهید دەبێ.

- ڕۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩١/٦/١٠

# بەهرامی حاجی ڕەفیق





- ناوی تەواو: بەهرام سمکۆ فەرەج سەعید

- ناسراوە بە: بەهرامی حاجی ڕەفیق

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگا

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: چنار جەوهەر ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: دلار/ بنار/ کەنار/ تەلار

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٩٣)ی کۆیە/ کەرتی (٤) کە ئەوکات هەڤاڵ (ئاشتی سابیر) فەرماندەی ئەوکەرتە بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٦ ناوبراو کراوەتە فەرماندەی (مەفرەزە)

- لە کۆتا تەشکیلاتی سەر سنور پلەکەی دەکرێتە فەرماندەی (کەرت) لە تیپی (٩٩) ئەو بەتالیۆنەی (سەلیم ئاغا) فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە سنوری (چیای کێشکە)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو چەندین ئۆرگان و بەرپرسیاریەتی بینیووە.

- لە هێزی (٨)ی بیتوێن ناوبراو (ئامر بەتالیۆن بووە. کە ئەوکات هەڤاڵ (مەحمود سەنگاوی) فەرماندەی هێزی (٨) بوو.

- لە سوپای یەکگرتووی کوردستان دەکرێتە فەرماندەی (سریە)

- لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ ساڵی ١٩٩٥ دەکرێتە سەرتیپ لە لەشکری (٩) ی کۆیە، ئەوکات هەڤاڵ (شێخ جەعفەر) فەرماندەی ئەم لەشکرە بووە.

- لە ساڵی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٠ سەلەشکری (٩)ی کۆیە بووە.

- ناوبراو لەدوای تەشکیلاتی فەرماندەیی (٩) ی کۆیە لەم فەرماندەیە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا.

- لە ساڵی ٢٠٠٣ کراوەتە لێپرسراوی عەسکری مەڵبەندی ڕێکخستنی کۆیە

- ساڵی ٢٠٠٤ دەکرێتە فەرماندەی فەوجی (٢) لیوای ١٢٦

- ناوبراو جێگری لیوای (١٢٦) ی کۆیە بە پلەی لیوا..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٤٦

# بورهان شەوگێڕی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: بورهان سلام حسن خدر
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ٢٠٩١

- ناوی تەواو: بورهان سەلام حەسەن خدر
- ناسراوە بە: بورهان شەوگێری
- ساڵی لە دایکبوون : ١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شەوگێر/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری:جەمیلە سەعدی جەبار
- ناوی منداڵەکانی: بڕیار/ باوەر/ ڕێناس/ هاوناز
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ کەرتی (٢)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ سەرکردایەتی..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٧)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری فەرماندەی کەرت
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە لە (کۆیە/ شاخی کێشکە/ سماقوڵی)
- ماوەیەکی زۆر ناوبراو (پارتیزان) بووە.
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان کاری کردووە.
- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین فەرماندەی تیپ بووە.
- دەرچووی خولی (٢) ی سەربازی ئەکادیمیایی قەڵاچۆلانە...
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٩١

# بەشدار نافیز حەمەدەمین عەبدوڵڵا



- ناوی تەواو: بەشدار نافیز حەمەدەمین عەبدوڵڵا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١/٤/٢١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگا، وەرگێڕی (کوردی - سویدی - عەربی)

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ژیان قادر

- ناوی منداڵەکانی: دیلان/ دانیار/ هێڤین

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ناوبراو بۆ ماوەی (٦) مانگ دەستگیر دەکرێ لە بەندینخانەی هەئیەی خاسەی کەرکوک

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٦/٩/ ١٩٨٢

- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی لەدۆڵی پڵینگان لە دەستەی خوا لێخۆشبێت (ڕەئوفی حاجی سلێمان). پاش ماوەیەک گواستراوەتەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی (٤) لە بالیسان، دواتر گواستراوەتەوە مەڵبەندی (٣)ی هەولێر لەوێ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تاوەکو ساڵی ١٩٨٤

- لە کاتی مفاوەزاتەکە گواسترایەتەوە ناوەندی شۆڕشگێڕان لە سورداش .

- لە ساڵی ١٩٨٥ خولی ڕۆشنبیری و ڕێبەری سیاسی بینیوە.. ناوبراو لە مانگی (٤) ساڵی ١٩٨٥ تاوەکو ساڵی ١٩٨٧ کراوەتە عەدەد جیهازی مەکتەبی عەسکری کە ئەوکات بارەگای لە یاخسەمەر بووە. دواتر گواستراوەتەوە بارەگای مەکتەب سیاسی و بۆتە عەدەد جیهازی مەکتەب سیاسی. ناوبراو لە بارەگای دکتۆر فواد مەعسوم ماوەتەوە لە قاسمەڕەش تا کۆتایی خزمەتی کردووە لە بواری بێسیم و پێشمەرگایەتی لە ١٩٩١/١/١٠ لەتارانەوە لەسەر بڕیاری حزب ڕەوانەی هاندەران کراوە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٤) و (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە سەردەمی شاخ ناوبراو چەندین خولی لە سەر بێسیم و تۆپخانەو خولی سیاسی بینیوە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بێسیمی مەکتەبی سیاسی بووە لە قاسمەڕەش

- هەرلە کۆمیتەی سوید کاری ڕێکخراوەیی کردووە. بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی خۆی پەیمانگای وەرگێڕی خوێندووە. وە لە سوید ڕادیۆیەکی دامەزراندوە بەناوی دەنگی کۆمەڵەی گەلی کوردستان بەزمانی کوردی زۆربەی کات هەواڵ و چالاکیەکانی یەکێتیی تیا خوێندرایەوە وێرایی چەند بەرنامەیەکی هونەری و ڕۆشنبیری، ناوبراو خۆی وەک تەکنیکارێک کاری تیا کردووە.

# برزۆ ئیسماعیل مەنسور



- ناوی تەواو: برزۆ ئیسماعیل مەنسور

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالیۆریۆس/ دبلۆمی باڵا

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: سەوسەن ئەبوبەکر

- ناوی منداڵەکانی: دیاکۆ، کاردۆ، دڵکۆ، لانکۆ، تابلۆ..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: مەڵبەندی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- ناوبراو دەرچووی خولی کادیرانە.

- ئێستا لە ئەرکدا لە ئەنجومەنی وەزیراندا بە پلەی (شارەزا)

# جانفیدا مستەفا کەریم (عەشیرەت)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: جانفیدا مستەفا کریم مستەفا

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٨

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ٨٣٤

مام جلال

- ناوی تەواو: جانفیدا مستەفا کەریم مستەفا

- ناسراوە بە: عەشیرەت

- ساڵی لە دایکبوون: ٣١/ ١٢/ ١٩٥٨

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: دڵگیر عەبدولحامد سۆفی

- ناوی منداڵەکانی: مەبەست/ هەڵوێست/ هانە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: بارەگای بزوتنەوە لە (زەڵێ)

- لە ساڵی ١٩٨٢ دەگوازرێتەوە تیپی (٩٠) ی باوەجی/ کەرتی (٢)

- دواتر دەگوازرێتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە کە ئەوکات شەهید (شەماڵ) فەرماندەی ئەم تیپە بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٩ ناوبراو دەکرێتە لێپرسراوی میوانخانە لە قاسمەڕەش ..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: میوانخانە لە قاسمەڕەش

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە سنوری سەردەشت ..

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەیەکەم تەشکیلاتی حکومەتی هەرێم لە ئاسایشی گشتی لای هەڤاڵ (حاکم قادر) دەکرێتە مفەوەزو دواتر دەبێتە (ملازم) دواتر تا ساڵی ٢٠٠٢ لە دەزگای ئاسایش خزمەت دەکات...

- دەرچووی خولی کانی گۆمەیە...

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٣٤

# جەعفەر عوسمان عەلی (هیوا)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆرشی نوێی گەلەکەمان، و نەبەزانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: جعفر عوسمان علی عوسمان

ناز ناو: جعفر بیرا ومیی

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦


ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦

ژمارە: ٩٥٦

- ناوی تەواو: جەعفەر عوسمان عەلی عوسمان
- ناسراوە بە: هیوا
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: جەواهێر محەمەد سلێمان
- ناوی منداڵەکانی: پشتیوان/ عوسمان/ ئوسامە/ مەریوان
- ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە لە هێزی (کاوە)
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ کەرتی (١)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨) تیپی (٨٣) ی هەورێ
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت لە دوا تەشکیلاتی سەر سنور (قاسمەڕەش)
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ڕۆڵی کارای هەبووە.
- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین لە چەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە .
- لە ساڵی ١٩٩٣ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥ لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال بووە لە ڕانیە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٥٦

# مامۆستا جەعفەر کەریم





- ناوی تەواو: جەعفەر کەریم ئەمین شانە

- ناسراوبە: مامۆستا جەعفەر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٨

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ڕوویە خال عەبدولمەجید

- ناوی منداڵەکانی: سارا/ سەدا/ میران/ سۆما/ محەمەد

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: قوەی (کۆسرەت)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..وە سنوری سەرکردایەتی..

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: ڕابەری سیاسی تیپی (٥٦) گەڵاڵە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٥٧

# شەهید: جەعفەری حەمە دەروێش



ـ ناوی تەواو: جەعفەر حەمەد ئەحمەد دەروێش

ـ ناسراو بە: دەروێش قائید

ـ ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٩

ـ شوێنی لەدایک بوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٩

ـ لایەنی سیاسی: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە:١٩٨١

ـ ئۆرگان: قوەی کۆیە

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکیە بەرچاوەکانی کردوەو بگرە لە هەندێکیان خۆی سەرپەرشتی کردووە.

ـ لەتەمەنی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.

ـ دوا پلەی فەرماندەی تیپی (٩٣) ی کۆیە بووە.

ـ ناوبراو فەرماندەو پارتیزان و پێشمەرگەیەکی دانەبراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩١/٣/٢٠

ـ شوێنی شەهید بوون: شاری کەرکوک

# مام جەلال تاڵەبانی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: جەلال حوسامەدین نوروڵڵا
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٣٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٦
ژمارە: ١

مام جلال

- ناوی تەواو: جەلال حوسامەدین نورولّلا

- ناسراوە بە: مام جەلال

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٣٣/١١/١٢

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کەلکان

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا – زانکۆی بەغداد – ١٩٥٩

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: بافڵ/ قوباد

- لە ساڵی ١٩٤٦ لەتەمەنی (١٣) ساڵیدا پەیوەندی بە ئەلقەیەکی ڕۆشنبیری پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە کرد کە فاتیح ڕەسوڵ سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام پاش چەند مانگێک وازی لە ئەلقە ڕۆشنبیریەکە هێنا، چونکە ڕێکخەرەکانی دژی بیروباوەری کوردایەتی بوون، دواتر ڕووی لە پارتی دیموکراتی کوردستان کردوو لە ڕێی عومەر مستەفا پەیوەندی بە ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیری پارتییەوە کرد. پەیوەندی ڕێکخراوەیی و سیاسی لەگەڵ پارتیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٧ کاتێک یەکێ لە مامۆستاکانی کە تاهیر سەعیدە پلەی ئەندامیەتی پێ بەخشی.

- لەتەمەنی (١٥) ساڵیدا سەرپەرشتی خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە کۆیە لە دژی ئیمزاکردنی پەیمانی ساڵی ١٩٤٨ی پۆرتسمۆس کرد ..

- لە ساڵی ١٩٤٨ وەک نوێنەری خوێندکارانی کۆیە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی گشتیی خوێندکارانی عێراق هەڵبژێردراو لەو کۆنگرەیە بە ئەندامی یەدەگ هەڵبژێردرا .

- لە ساڵی ١٩٤٩ بووە ئەندامی ناوچەی کۆیە

- لە ساڵی ١٩٥٢ ــ ١٩٥٣ لە کۆلێجی یاسا وەرگیراوە..

- لە ساڵی ١٩٥٣ لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا..

- لەلایەن سەرووی خۆی داوای لێکرا یەکێتیی قوتابیان کوردستان دابمەزرێنێ، لەمانگی شوباتدا ئەو یەکێتییەی دامەزراندو خۆیشی بووە سکرتێرەکەی.

- لە ساڵی ١٩٥٥ لە چوارچێوەی شاندی خوێندکاران و لاوانی عێراق بەشداری لە کۆنگرەی لاوانی جیهان لەوارشۆی پایتەختی پۆلۆنیا کردو لەوێ هەلمەتێکی بۆناساندنی مەسەلەی کورد دەستی پێکرد.

- لە ساڵی ١٩٥٦ پاش بەشداریکردنی خۆپیشاندانەکانی دژ بە هێرشی ئیسرائیل و بەریتانیا و فەرەنسا بۆ سەر میسر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، هاوکات لە سۆنگەی زۆری ڕۆژانی ئامادە نەبوونی لەزانکۆ و بەگومانی ئەوەی کە ئەندامە لە ڕێکخراوی لایەنگرانی ئاشتی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق، خوێندنی لە کۆلیجی (ماف) لێ قەدەغە کرا.

- لە ساڵی ١٩٥٧ وەک سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لە چوارچێوەی شاندی عێراق بانگێشت کرا بۆ بەشداریکردن لە فیستڤاڵی لاوان و خوێندکارانی جیهان لە مۆسکۆ . لەوێ بۆ یەکەم

جار چاوی بە مەلا مستەفا بارزانی کەوت و چەند کۆبونەوەیەکی لەگەڵ سازکرد، ئەو کۆبونەوانە یەکەم کۆبونەوە بوون وەک سەرۆکی پارتی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتیدا.. ئەوکات مەلا مستەفا بارزانی پەنابەری سیاسی بوو..

- پاش روخانی رژێمی پاشایەتی و راگەیاندنی کۆمار لە عێراق لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨،گەڕایەوە بۆ خوێندن لە کۆلیژی ماف و بۆ ساڵی دواتر خوێندنی تەواو کرد. وەک پارێزەر ژیانی پیشەیی خۆی دەست پێکرد بەڵام ژیانی پیشەیی وەک پارێزەر زۆر کورت بوو، چونکە تەنها دووجار لەژیانی پارێزەری کردووە..

- لە ساڵی ١٩٦٢ خەباتی چەکداری لەدژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دەست پێ کرد، لەم ماوەیەدا (مام جەلال) لە چەمی ڕێزاندا چالاکیەکانی خەباتی چەکداری هەڵسوڕاند، سەرکردایەتیی هێزی رزگاری کرد و رابەرایەتیی شەڕەکانی شارباژێر و پێنجوێن و چەمی ڕێزانی کرد..

- هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ ساڵح یوسفی لە ساڵی ١٩٦٣وەک نوێنەری پارتی لە بەغدا کەوتنە وتوێژ لەگەڵ سەرکردە تازەکان بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد، هەر لەم مانگە سەردانی میسری کردووە بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی یەکگرتنی میسرو سوریا لەوێ چاوی بە جەمال عەبدولناسر کەوت و مەسەلەی داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ ڕوونکردەوە..

- لە ساڵی ١٩٦٤ پاش ئاگربڕی نێوان شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام عارف کەتوانیبووی کودەتا بکاو بەعسیەکان لەسەر کار لادا، قەیرانی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان باڵی مەلا مستەفا بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی بە سەرکردایەتیی برایم ئەحمەد دەستی پێکرد. تاڵەبانی پشگیری باڵی مەکتەبی سیاسی کرد، پاش ئەوەی هێزەکانی بارزانی پەلاماری هێزەکانی مەکتەبی سیاسیاندا لە ماوەت هێزەکانی مەکتەبی سیاسی کشانەوە ناو ئێران..

- باڵی مەکتەبی سیاسی لە ساڵی ١٩٦٦ دا گەیشت بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کە بەهۆیەوە حکومەت ئازادی هەلسورانی سیاسی ئاشکرای لە شارەکاندا بە باڵی مەکتەبی سیاسی داو مافی پێکهێنانی هێزی چەکداریشی بۆ سەلماند..

- پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە لایەن سەرۆکی عێراق ئەحمەد حەسەن بەکرەوە... هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ چەند کادیرێکی دێرینی باڵی مەکتەبی سیاسی ڕێکخراوێکی چەپی نهێنی بەناوی کۆمەڵەی مارکسی - لینینیی کوردستانەوە دامەزراند.

- ساڵی ١٩٧١ پاش یەکگرتنەوەی هەر دوو باڵە رکابەرەکەی پارتی، بە پێی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ بارزانی کرابوو خۆی و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی هیچ لێپرسراویەتیەکیان وەرنەگرت.. لە ساڵی ١٩٧٢کوردستانی جێهشت و لە لوبنان گیرسایەوە.

- کاتێک شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا دوا بەدوای ڕێککەوتنامەی جەزائیری نێوان عێراق و ئێران هەرەسی هێنا، تاڵەبانی وەک ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی عەرەبیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قاهیرە دەژیا ..

- پاش(٣) مانگ لە هەرەسهێنانی شۆڕش لە کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە سوریا دامەزراند. لەم سەروبەندا لە ساڵی ١٩٧٥ دا توانی دوو هەنگاوی گرنگ بۆ سەقامگیرکردنی پێگەی یەکێتیی بنێ، یەکێکیان هێنانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانە بۆ ناو یەکێتیی و ئەوی تر بردنی یەکێتییە بۆ ناو کۆڕی نیشتمانی عێراق کە هاوپەیمانیەکی

سیاسی دژ بە ڕژێمی  بەعس بوو.

- پاش ساز کردنی پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، لە ئابی ١٩٧٧دا گەرایەوە بۆ کوردستان، ئەرکی ڕابەرایەتی کردنی شۆڕشی گرتە ئەستۆ، لە ساڵی ١٩٨٠ کاتێک عێراق هێرشی کردە سەر ئێران  دژی ئەم سیاسەتە  شەرخوازییەی عێراق وەستا و هەمان ساڵ بەشداری لە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی نەتەوایەتیی دیموکراتی عێراق کرد کە لە هەشت گروپ پێکهاتبوو. ئامانجەکەی ڕوخانی بەعس بوو.

- ساڵی ١٩٨٤ پرۆسەی  وتوێژی لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەستپێکرد، بەڵام پاش بێ ئومێد بوون لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گونجاو  بۆچارە سەرکردنی مەسەلەی کورد، لە ناوەراستی کانوونی دووەمی ١٩٨٥دا هەلوەشانەوەی وتوێژی ڕاگەیاند.

- لەدوای ساڵی ١٩٨٦ مام پرۆژەی ئاشتەوای گشتی پێشنیار کرد بۆ حزب و لایەنە سیاسیەکان سەرئەنجام ئەم ئاشتبونەوە گشتییە بوە هەوێنی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٨.

- پاش ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١، سەرۆکایەتی شاندی بەرەی کوردستانی کرد لە وتوێژدا لەگەڵ ڕژێمی بەعس بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیموکراتیانەو دادپەروەرانە  بۆ مەسەلەی کورد، پاش ئەوەی بێ ئومێد بوو لە سەرانی ڕژێم  بۆ سەلماندنی  مافە نەتەوەییەکانی کورد، دژی ئەو وتوێژە وەستایەوە...

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناو یەکەم کابینەی حکومەتیان پێکهێنا (مام) ڕۆڵی کارای بینی لە سەرکەوتنی ئەم پرۆسە دیموکراتیە..

- لە کۆنگرەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە سەلاحەدین تالەبانی ڕۆلێکی سەرەکی گێرا لە بەرێوەچونی ئەجێندای کۆنگرەکەدا..

- لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ ڕاوەستاندنی شەڕی ناخۆ دەستپێشخەری مام و سەردانی بۆ سەلاحەدین بوە یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردو ڕۆڵی باڵای بینی لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر..

- پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ بە ئەندامی ئەنجومەنی حوکم هەڵبژێردرا، لەساڵی ٢٠٠٣ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکمرانی کرد، لە نیسانی ٢٠٠٤دا لە لایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقەوە وەک سەرۆک کۆمار ی عێراق لە قۆناغی ڕاگوزەردا بۆماوەی یەک ساڵ هەڵبژێردرا.

- لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٦دا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بە سەرۆک کۆمار بۆماوەی (٤) ساڵ هەڵبژێردراو بووە یەکەمین سەرۆک کۆماری هەڵبژێراو لە مێژووی عێراقدا.

- لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی و پارتی ڕێککەوتنامەی ستراتیجیی لەگەڵ پارتی ئیمزا کرد.

- لە ساڵی ٢٠٠٨  لە بیست و سێهەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی سوسیالست ئینتەرناسیۆنالدا بە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکەدا هەڵبژێردرا.

- لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ جاری دووەم لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار عێراق هەڵبژێرایەوە..

- لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا نەخۆشی تینی بۆهێنا و گەیەنرایە ئەڵمانیا بۆ چارەسەر..

- له مێژووی ٣ /١٠ /٢٠١٧ کۆچی دوای کرد له بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا له ڕۆژی ٦/١٠/ ٢٠١٧ له گردی دەباشان له سلێمانی نێژدرا.

- دواپلەی له حزب: سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- دوا پۆست له حکومەت: سەرۆک کۆماری عێراق

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان : (١)

**بەرهەم و چاپکراوەکانی**

کوردایەتی، چاپی یەکەم. _ کردستان والحرکة التحرریة الکردیة، الطبعة الاولی، بغداد ١٩٦٣، الطبعة الثانیه، دار الطلیعة للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٧١. _ کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، وەرگێڕانی له عەرەبییەوە: ح_ا، له بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمال عەلی باپیر، سلێمانی، ٢٠١١، ٣٣٧ لاپەڕە. _ (ی. ن. ک) بۆچی؟، چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ، شاخ، ١٩٧٦. _ جۆشدانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم و نۆکەرانیان بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی، ١٩٨٠، ٨٤ لاپەڕە. _ بانگەوازی کوردایەتی، چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ، شاخ، ١٩٨١، ٢٤ لاپەڕە. _ أغد ودیمقراطی وحرمان شعب حتی من حق الحلم، منشورات مکتب الاعلام المرکزی في الاتحاد الوطني الکردستاني، مطبعه شهید جعفر، ١٩٨٨. _ نامیلکەی له پێناوی گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٢، ٣٢ لاپەڕە، قەبارە: (١٧×١٢)سم. _ حول القضیة الکردیة في العراق، الطبعه الاولی، بیروت ١٩٨٨، الطبعه الثانیه، بیروت ١٩٩٦. _ الدکتور الاتاسی والقضیة الکردیه، چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ، ئێران، ١٩٩٠، ٤٠ لاپەڕە. _ وتەی هەڤاڵ مام جەلال له کۆبوونەوەی کادیران دا، له بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک)، سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ٥٠ لاپەڕە. _ حوار جاد مع السید صبحی عبدالحمید ورفاقه، منشورات مکتب الاعلام المرکزی فی الاتحاد الوطنی الکردستاني، السلیمانیه، ٢٠٠٤. ٤٨ صفحه. _ بەشێک له بیرەوەرییەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی سۆران عەلی، چاپی یەکەم، کەرکووک، ٢٠٠٩. _ مام جەلال، دیداری تەمەن، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی: سەلاح ڕەشید، چاپی یەکەم. _ مام جەلال، دیداری تەمەن، بەرگی دووەم، ئامادەکردنی: سەلاح ڕەشید، چاپی یەکەم.

# جەلال ئیلنجاغی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەپێوانە خەباتیان کردوە •

ناوی چـواری: جلال خورشید رشید عولا
نـاز نـاو: جلال ئیلنجاغی
ساڵی لەدایک بـوون: ١٩٥٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمـارە: ١٣١٤

مام جلال

- ناوی تەواو: جەلال خورشید ڕەشید عەولا

- ناسراوبە: جەلال ئیلنجاغی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغ/ ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەر: بەهار عوسمان

- ناوی منداڵەکانی: سەدا/ سەردەم/ سەنا/ سۆنیا

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٢ تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢/٣/٢١

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری و داستانی گەورەی کردووە لە سنوری مەلبەندی (٣) ی هەولێر وەک/ داستانی ئیلنجاغ/ سماقە/ ڕزگاری/ تەق تەق/ دێگەڵە/ قەیوان ماوەت/ کەرکوک/ سەری ڕەش/ بەنەباوی/ دەیان داستانی تر.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر. ئەوکات فەرماندەی کەرت بووە.

- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین لە کۆتا تەشکیلات: فەرماندەی تیپی پارتیزانی لە ڕەتلی هەولێر..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە کەرکوک/ داستانی ڕزگاری/ کیمیاوی..

- ناوبراو بۆماوەی (١٣) مانگ پارتیزان دەبێ و لێپرسراوی ڕەتلی هەولێریش دەبێ...

- بەشداری چەندین خولی (پارتیزانی) و سەربازی و ڕۆشنبیری کردووە لە سەردەمی شاخ..

- بۆ ئامادەکاری ڕاپەرین ناوبراو ڕایەلەیەکی بەهێزی نێوان سەرکردایەتی و پێشمەرگە دێرینەکان و زۆربەی نامەکانی سەرکردایەتی گەیاندوە بۆ ئەوانەی چەکدار بوونەو هێزیان هەبووە تا هاوکاری ڕاپەرین بن.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شاری هەولێرو شاری کەرکوک تا لەوێش بریندار دەبێ.

- لە دوای ڕاپەرین. چەندین پلەی سەربازی بریوە وەک فەرماندەی بەتالیۆن/ فەرماندەی هێز

جێگری میحوەری هەولێر.. فەرماندەی لیوای (٤١)ی دهۆک/ سوپای هاوبەش .....

ـ ماوەی (٢) ساڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی (شارستانی) بووە.


ـ ماوەی (٣) ساڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت و گازی هەرێم بووە.

ـ دەرچووی خولی فەرماندەیی بووە لە قەڵاچۆلان.

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٣١٤

# مەلا جەمال





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەوپەڕی خەباتیان کردوە
ناوی چواری: جمال علی امین
نازناو: مەلا جمال
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
ژمارە: ٢٢١٩

- ناوی تەواو: جەمال عەلی ئەمین سلێمان

- ناسراوە بە: مەلا جەمال

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مەلازیاد/ ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی سێیَ ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: هێرۆ جەبار حەمەد حەبیب.

- ناوی منداڵەکانی: مێژوو/ جوان/ هەژان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ٥/٦/ ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ماوەی (٢) هەفتە زیندانی کراوە لە ئەمیریەی کۆیە

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠/١١/٢١

- ئۆرگان: هەرێمی پارێزگاری

- لە ساڵی ١٩٨١ بەشداری دەورەی کادیرانی زەڵێیَ کردووە.

- لە ساڵی ١٩٨٢ ئەرکی ئەندامی ناوچەی کۆیەی پێسپێردرا. کاک ڕەهبەر لیپرسراوی ناوچە بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ کراوە بە کارگێڕی ناو چەی شۆڕشگێڕان لە سنوری چالاکییەکانی تیپی ٩٣ی کۆیە

لە ساڵی ١٩٨٤ بەشداری دەورەیەکی تری کادیرانی کردووە لە سورداش.

- لە ساڵی١٩٨٧بە فەرمی کراوە بە لێپرسراوی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان لە تیپی ٩٩ی بیتوێن تا ئەنفالەکان، لە کۆتایدا ئاودیوی سنور بووە .

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ سنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە ١ـ قەیوان ٢ـ باداوان ٣ـ کەرکوک

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی ٩٩ی بیتوێن

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەرپرسی ڕێکخستنی تیپی ٩٣ی کۆیە و ٩٩ی بیتوێن بووە.

- ناوبراو بەرپرسی مەفرەزەی پارتیزانی بوە لە تەق تەق ـ دەشتی کۆیە..

- ئەندامی کۆنفرانسی بزووتنەوە بووە لە نۆکان. هەروەها ئەندامی کۆنفرانسی شۆڕشگێڕان بووە .

ئەندامی کۆنگرەی یەکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بووە. ئەندامی پلینۆمی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بووە. ئەندامی کۆنگرەی ٣ بووە .

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لێپرسراوی بەتالیۆنی ٧١ی تەق تەق بووە لە هێزی (٧)، بەرپرسی هۆبەی حەرەکاتی قیادەی مەنتیقەی هەولێر بووە.

- لە دەسپێکی شەڕی پارتی لە ساڵی ١٩٩٤ لەسەر بڕیاری مەڵبەندی سێی هەولێر لە لێژنەی تەنسیق لەگەڵ ئای ئێنسی دانراوە بۆ بەدواداچوون لە خروقاتەکان لە کەسنەزانەوە تاکو بیستانە، لەگەڵ نوێنەری پارتی کە کارگێڕی لقی ٢ی هەولێر بوو بەناوی خالید تاشەڕەکە وەستا .


- لەساڵی ٢٠٠٥ بۆ ساڵی ٢٠١٢ دوو دەورە بەهەڵبژاردن بووە بە لێپرسراوی کۆمیتەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی پێ سپێردراوە لە وڵاتی ئەڵمانیا..

- خاوەنی سێ ڕێز لێنانی مەدالیایی دانەبڕاوەکان، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان،م ,س.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢١٩

# جەنگی ئەحمەد عوسمان ڕەسوڵ




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: جەنگی احمد عوسمان رەسول
ناز ناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ٩٦١

مام جلال

- ناوی تەواو: جەنگی ئەحمەد عوسمان ڕەسوڵ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: فاتیمە زاهیر عوسمان

- ناوی منداڵەکانی: ڕێبوار/ ڕامیار/ ڕەیان/ ڕێنما/ ڕاهۆت

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی (٩٩)ی بیتوێن

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ سەرکردایەتی...

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: مەفرەزەی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئیدارەی بەتالیۆنی (٩)

- لە ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ مەفرەزەکەی خۆشناوەتی پارتیزان بووە.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کرووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگانی جیا جیا کاری کردووەو بەرپرسیاریەتی هەبووە..

- دواپلەی: ئەفسەر بووە لە میحوەری کۆیە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٦١

# جەنگی ڕەسوڵ عەلی



- ناوی تەواو: جەنگی ڕەسوڵ عەلی سمایل
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شیواشۆک، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: بارەگای مەڵبەندی (٣)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بارەگای سەرکردایەتی.

# شەهید: جەوهەری ناسکە



- ناوی تەواو: جەوهەر حەوێز حەمگوڵ

- ناسراو بە: جەوهەری ناسکە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٢/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی خەرابە/ ناحیەی ئاشتی/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر ..

- ئاستی خوێندن: تا پێنجی ئامادەیی خوێندووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: سەوزە عەبدوڵڵا حوسێن

- ناوی منداڵەکانی شەهید: چیمەن - سەرگوڵ - هەژار - هەوار- نەبەرد - نەبەز

- لەساڵی ١٩٧١ تا ساڵی ١٩٧٥ دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول تا نسکۆ.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێ : ١٩٧٦

- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- لە ساڵی ١٩٧٨ دەستگیردەکرێ لەلایەن ئەمنی کۆیە.

- لەناوەراستی ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن دوو هەڤاڵ زیندان دەشکێنن بەناوەکانی (سوورە قۆریتانی - حەربی عزیز) لەسجن هەڵدێن.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٩

- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی - لای شەهید ملازم سەید کەریم

- ساڵی ١٩٨٠ ماوەیەکی کەم دانیشتووەو وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە

- ساڵی ١٩٨١ بۆتەوە پێشمەرگە لەڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- لەساڵی ١٩٨٢ ماوەیەک سەنگەری پێشمەرگایەتی گواستۆتەوە ناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

- لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی پلەی جێگری فەرماندەی کەرت بوو.

- پاشان لە ڕێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی لە تیپی (٩٣)ی کۆیە درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تا شەهید بوونی.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی جۆراوجۆری کردووە لەزۆربەی شەڕەکان لە دەستەی هێرش کردن بووە. لەوانە شەڕەکانی: قەیوان ماوەت، هەلاج دابان، بیرەنەوتەکانی کەرکوک، گرتنی بێتواتە، گردی چادر، زۆربەی شەڕەکانی سنوری تیپی

٩٣ی کۆیەو مەڵبەندی ٣ی هەولێر. وەشەرەکانی سەرکردایەتی ..

- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی: ٣ جار بریندار بووە لە کۆیە - چیای بۆتێ - گەرمیان ..

- لە قۆناغی چواری ئەنفال بەسەرپەرشتی شێخ جەعفەروبە چاوساغی شەهید جەوهەری ناسکە نزیکەی ١٢٥٠کەس لە ژن و منداڵ و پێشمەرگەی کۆیەو گەرمیان ڕزگاردەکەن .

- لەدوای ئەنفالەکان ڕوو لە ئێران دەکەن بۆماوەی (٣) ساڵ لە دێلزێی پیرانشهری ئێران نیشتەجێ دەبن.

- پێش دەسپێکی ڕاپەرین لەسەر ڕاسپاردەو بریاری کاک نەوشێروان مستەفا ڕەوانەی کۆیە دەکرێ و نامەی نەوشێروان مستەفا دەگەینێتە جاش و مستەشارەکان بۆ خۆئامادەکردنی ڕاپەرین.

- بەشداریەکی کارا دەکات لە ڕاپەرینی ڕانیەو چوارقورنە و دواتریش گرتنی قشلەی کۆیە ناوبراو چەند هەڤالێک دادەنێن تا قشلەی کۆیە ئازاد بکەن.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩١/٣/٩

- شوێنی شەهید بوون: قشڵەی کۆیە

# شەهید: جەوهەر کەریم ئەمین شانە



- ناوی تەواو: جەوهەر کەریم ئەمین شانە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزان: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: بارەگای هەرێمی پارێزگاری/ سکرتاریەت
- دواتر گواسترایتەوە ئیدارەی گشتی لە سنوری مەرگە
- دواتر لە تیپی سادر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە بە سەختی.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی سادر
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کاریگەری هەبووە.
- لەمانگی (٣) ی ساڵی ١٩٩١ لە سنوری ڕانیە شەهید بووە

# شێخ چاپوک



- ناوی تەواو: چاپـوک عومەر مستەفا مەعروف

- ناسراوە بە: شێخ چاپـوک

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٠/٢/٢٧

- شوێنی لەدایک بوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ماستەری هەیە لەبواری پەیوەندییە نێو دەولەتییەکان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: بێخال محەمەد عومەر

- ناوی منداڵەکانی: ئاران/ لاس

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١/١١/٨

- ئۆرگان: ناوزەنگ/ بارەگای مەکتەبی سیاسی

- لە ١٩٨٣/١٠/٨ بەکادیر گوازراوەتەوە ناوچەی خۆشناوەتی

- لە ١٩٨٤/٣/٩ گوازراوەتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە بەکارگێڕی ناوچە

- ساڵی ١٩٨٥ خولی کادیرانی تەواو کردووە.

- لە ١٩٨٥/١/١٩گوازرایەتەوە ناوچەی دێگەڵە سنوری تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥گوازرایەتەوە ناوچەی سەفین، لە ١٩٨٦/٥/١٣ بوە بە لێپرسراوی ناوچەی دەشتی کۆیەی سنوری تیپی (٩٣)ی کۆیە، لە ١٠/٣ ساڵی ١٩٨٧ بووە بە لێپرسراوی ڕێکخراو لە تیپی (٩٠) باوەجی.

- لە ئێرانەوە بە زەماڵە نێردراوە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت. لە یەکێتی سۆڤیەت (٢) ساڵ کارگێڕی کۆمیتە بووە و لێپرسراوی بەشی ڕێکخستن بوەلە سوید یەک ساڵ کارگێڕی کۆمیتەو لێپرسراوی بەشی ڕێکخستن بوە..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ مەڵبەندی (٤) و سنوری سەرکردایەتی.. وە بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی کردووە لەکاتی هێرشی ئێران، وە بەشداری شەڕی لێدانی کەرکوک بوە لە شەوی ١١ لەسەر ١٢ی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٦.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: لێپرسراوی ناوچەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە سنوری کۆیە..

- لە ٢٠١٠/١/٧ کراوەتە قائیمقامی قەزای کۆیە، تا ٢٠١٦/٧/١٧

# مامۆستا چەتۆ حەوێزی



- ناوی تەواو: چەتۆ ڕەئـوف محەمەد حەوێزی

- ناسراوە بە: مامۆستا چەتـۆ حەوێزی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: بەفرین عومەر ڕەفعەت جەلیزادە

- ناوی منداڵەکانی: کانیاو/ کارزان/ ڕازە/ ڕووبار

- هەرلە سەرەتای تەمەنی خولیای خوێندنەوەو نوسین و شیعری هەبوە لەو بوارەشدا چەندین نووسینی سیاسی و هۆنراوەی جیاجیای نوسیوە....

- ناوبراو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر بە بیروباوەری چەپگەرایی پەروەردە کراوە هەر لەتەمەنێکی زوو هەستی پێشکەوتووخوازانەی بەلای ئازادی ڕادەربرین و نیشتیمانێکی ئازاد پەیدا کردووە، هەربۆیە پشگیری کردنی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی ئەم ژینگەیە بوو.

- سەرەتا لەڕێزەکانی قوتابیانی سەربە باڵی مەکتەبی سیاسی دەستی بەخەبات کردوە، دواتریش بۆتە ئەندامی حزب لەوباڵەداو درێژەی بەخەباتی سیاسی خۆی داوە تاساڵی ١٩٧٠

- پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧١، کرایە سکرتێری ناوچەی کۆیەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی لێژنەی پیشەیی کرێکاران..

- لە ساڵی ١٩٧٢ وەک چاودێری ڕێگاو بان لەسەر ڕێی کۆیە - هەولێر دامەزراوە

- لەساڵی ١٩٧٣ چۆتە دهۆک بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی لە خانەی مامۆستایان...

- لە ساڵی ١٩٧٤ پاش هەرەس هێنانی وتوێژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراق لەخانەی مامۆستایانی دهۆکەوە، پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردو ماوەیەک لەدەڤەری سەر سەنگ بووە دواتر هاتۆتەوە قەڵادزێ تانسکۆ ی شۆڕش لەو سنورە بووە...

- پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە کۆیەو خانەی مامۆستایانی تەواو کرد.دواتر لە (ماوەتان) گوندێکی دورە دەستی سنوری حاجی ئۆمەران وەک

مامۆستا دامەزرا.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کورستان (بزووتنەوە)

- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: سەرکردایەتی لەناوزەنگ/ بارەگای دەزگای ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی سۆسیالیست، وەک کادیری تەکنیکارو وەرگێڕ کاری لە گۆڤاری (بزوتنەوە) کردو چەند ووتارێکی بەناوی خوازیار تێدا بڵاو کردەوە..

- لە ساڵی ١٩٨٢ ناوبراو بەئەندامی لیژنەی ئامادەکاری بۆ یەکگرتنەوەی هێڵی گشتی و بزوتنەوەی سۆسیالیست بەشداربووەو لە گفتوگۆکان و پشگیری پرۆژەی دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کردوە، لە سەرەتای دروستبونی یەکێتی شۆڕشگێڕانیش کراوە بە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوە تازەکە. لە ساڵی ١٩٨٣ وازی لەکاری ڕاگەیاندن هێناو بوە ئەندامی لقی (٢)ی هەولێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان دواتر کرایە ئەندامی مەکتەبی دارایی گشتی. ساڵی ١٩٨٦ وەک ئەندامی مەڵبەندو لێپرسراوی سیاسی گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی (٤).. پاش تێکەڵکردنەوەی مەڵبەندی (٣) و (٤) ناوبراو لێپرسراویەتی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی لە سنوری پارێزگای هەولێر گرتە ئەستۆ..

- لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆسەر سنور، بارەگای گواستەوە بۆ قاسمەڕەش، لە ساڵی ١٩٨٩ پاش پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتیزانەکانی ناوخۆ (سەپان) بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی ڕێکخستن و ئیدارەدانی هێزە پارتیزانەکان پێکهێنرا بوو (م.چەتۆ) و (شەهید ڕێبار) واتە ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود کرانە ئەندام لەم کۆمیتەیەدا.. لە پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لە نۆکان بەسترا بە ئەندامی کۆمیتەیسەرکردایەتی هەڵبژێردرا...هەرئەو ساڵە کرایە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان... لە پێش ڕاپەرین لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان ئەندامی کۆمیتەی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی نوێنەران بوو بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەکە ..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وە سنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: قاسمەڕەش

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و هێزێکی گەورەی لەگەڵ بووە بۆ ڕانیەو

دواتر كۆیەو پاشان بۆ ناوشاری هەولێرو پردێ، دواتر بوە نوێنەری یەکێتیی لەبەرەی کوردستانی ..

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە ساڵی ١٩٩٢لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیدا بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی (٢) ی کەرکوک ..

ـ لە ساڵی ١٩٩٣ کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی(٦) ی سۆران سەرەتا بارەگاکەی لە شەقڵاوە بوە.

ـ لە ساڵــی ١٩٩٤ تاوەو ساڵی ٢٠٠٠ لێپرسراویەتی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانیەکانی لە ئەستۆدا بوە.

لە ساڵــی ٢٠٠٠ بۆجاری دووەم لێپرسراویەتی مەڵبەندی ڕێکخستنی (٢)ی کەرکوک گرتە ئەستۆ... لە ساڵی ٢٠٠١ لە ئیدارەی سلێمانی کرایە لێپرسراوی دەزگای شەهیدان بە پلەی وەزیر، پاشان بوە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پاشان بوە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٣٠٩

# حاتەم عومەر عەزیز (تیمارۆکی)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
[illegible]

ناوی چواری: حاتم عمر عزیز امین
نازناو:
ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمارە: ٩٥٧

- ناوی تەواو: حاتەم عومەر عەزیز ئەمین

- ناسراوە بە: حاتەم تیمارۆکی

-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تیمارۆک/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نەجیبە

- ناوی منداڵەکانی: تاڤگە/ هەردی/ هەڵوێست/ هێدی/ تارا

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٩٣)ی کۆیە

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە سنوری (دێگەڵە)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣)ی کۆیە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەند ئۆرگان و تەشکیلاتێک خزمەتی کردووە .

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٥٧

# شەهید: مامۆستا حەمید کەریم شانە



- ناوی تەواو: حەمید کەریم ئەمین شانە

- ناسراوبە: مامۆستا حەمید

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٨

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: بەفرین ئەمین

- ناوی منداڵەکانی: ئاری/ چیا/ دیاکۆ/ میدیا/ ئاڵا

- لە ساڵی ١٩٦٦ بۆتە پێشمەرگە، سەردەمێک بەرپرسی ناوچەی (پ.د.ک) بووە لە کۆیە

– لەساڵی ١٩٧١ ناوبراو لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکس و لینینی کوردستان بووە لە سنووری کۆیە.

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٦ تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ زیندانی بووە لە بەندینخانەی (ئەبوغرێب)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٧٩

- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری سەرکردایەتی

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: مەکتەبی عەسکری و ئەندامی مەکتەبی عەسکری بووە.

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە دوای ڕاپەڕین: قایمقامی کۆیە بووە.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٤/٨/٢١

# حوسێن ڕەزا حەمەد سەیدە





- ناوی تەواو: حوسێن ڕەزا حەمەد سەیدە

- ناسراوە بە: حاجی حوسێن

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٥

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر..

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: قەدریە عەبدوڵڵا میرزا

- لە شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٢ تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە لە سنوری لقی (٤)

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٩٣) کۆیە

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٩)


- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەند ئۆرگانێک خزمەتی کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٨٨

# حوسە ڕەش




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چوارێ: حسین عزیز قادر محمود
نازناو: حسە ڕەش
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ١٤٣١

مام جلال

- ناوی تەواو: حوسێن عەزیز قادر مەحمود

- ناسراوە بە: حوسە ڕەش

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٣

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: گولخاتر حەسەن سەدە

- ناوی منداڵەکانی: ئەنداز/ سانا/ ئەنەس/ ئانیا

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)

- سای پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (مەڵبەند)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بارەگای ناوەندی کۆمەڵە

- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین ناوبراو هەر لە دەستەی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) درێژەی پێشمەرگایەتی داوە..

- دواپلەی: جێگر لەشکر

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٣١

# خەسرەو ساڵح تۆفیق محەمەد





كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی ی.ن.ك

ناوی چواری: خسرو صالح توفیق محمد

نازناو:

ساڵی لەدایك بوون: ١٩٦١

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧

ـ ناوی تەواو: خەسرەو ساڵح تۆفیق محەمەد

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١/١٢/١

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

ـ باری خێزان: خێزاندارە

ـ ناوی هاوسەری: نەسرین محەمەد سمایل

ـ ناوی منداڵەکانی: کۆچەر/ ڕێباز/ بەهرە/ ڕێبین/ ڕێدوان/ کۆژین

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

ـ ئۆرگان: تیپی (٤٧) پیرە مەگروون، کەرتی (٥)

ـ دواتر گواسترایەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ سەرکردایەتی ..

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لە سنوری (شاخی نوسەک/ بناری کۆسرەت)

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە

ـ ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢١٠٠

# خالیدی حاجی مەلا



- ناوی تەواو: خالید شەفیق حەمەدەمین شەفیق

- ناسراوە بە: خالیدی حاجی مەلا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١/٣/٥

- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی بایزئاغا/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: پەری عەبدوڵڵا محەمەد

- ناوی منداڵەکانی: ئازەن/ ئارمان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە دۆڵی خەلەکان و بیتوێن.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: شینێ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت

- لە دوای ڕاپەرین ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی (کۆمیتەی یۆنان) بووە.

- دەرچووی خولی ئەفسەرانی کانی گۆمەو خولێکی لە ئێران بینیوە.

# مام تەیمور



ـ ناوی تەواو: تەیمور عەبدولڕەحمان ئەسعەد مام خدر

ـ ناسراوە بە: مامە تەیمور

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١/٥/٢٥

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ/ لە تەق تەق

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی سیانی هاوسەری: نەرمین زاهیر

ـ لە ساڵی ١٩٨٢ ماوەیەک دەستگیر کراوە لە ئەمنی کۆیە.

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٨٣

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (یەکێتیی شۆڕشگێڕان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

ـ ئۆرگان: ناوەندی شۆرشگێران/ لە لای دکتۆر خدر مەعسوم لە بۆتێ

ـ لە ساڵی ١٩٨٤ گواسترایەتەوە بارەگای دکتۆر فواد مەعسوم لە سورداش

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەلبەندی (٣) ی هەولێر.

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: لە قاسمە ڕەش/ ناوەندی شۆڕشگێڕان

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

ـ ناوبراو لە ڕۆژی ١٩٩٠/١٢/٢٧ لەسەر بڕیاری شۆڕش بەرەو هاندەران هەنگاوی ناوە.

ـ لەدوای ڕاپەرین ناوبراو لە کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید هاوکارو پشتیوان بووە.

# دارا عەبدولوهاب ئەسعەد خدر



- ناوی تەواو: دارا عەبدولوهاب ئەسعەد خدر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵ/ زانکۆی سلێمانی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: سەوسەن حەمەدەمین

- ناوی منداڵەکانی: دابان، دیانا، دیلان، دیاکۆ

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (خەتی گشتی)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١/٦/١٩

- ئۆرگان: بارەگای لقی (٣) خەتی گشتی لە زەڵێ، ماوەی (٦) مانگ ماوەتەوە، لەساڵی ١٩٨٢ دواتر گواسترایەتەوە تیپی (٩٠) ی باواجی ئەوکات هەڤاڵ (لیوا سمکۆ دزەیی) فەرماندەی ئەم تیپە بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٣ گواسترایەوە تیپی (٩٣)ی کۆیە کەرتی (٣)ی شەهید شەماڵ ئەوکات هەڤاڵ (رەهبەری سەید برایم) جێگری تیپ و سەرپەرشتیاری کەرتی شەهید شەماڵ بوو، هەڤاڵ (دانای ئەحمەد مەجید) فەرماندەی تیپی (٩٣)ی کۆیە بوو.

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٢ بووە بە فەرماندەی مەفرەزە، ساڵی ١٩٨٥ بووە بە جێگری کەرت، ساڵی ١٩٨٧ بووە بە فەرماندەی کەرتی (٢) ی شەهید شەفیق، کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ کراوەتە فەرماندەی جێگری تیپ هەر لە تیپی (٩٣)ی کۆیە ..

- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧لەسەر بڕیاری هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا (٧٠) فەرماندەی ئەوکات کە زۆربەیان پلەکەیان فەرماندەی کەرت و جێگری تیپ بوونە رەوانەی خولێکی (٦) مانگی دەکرێن لەتاران لە ژێرناوی (تیپی ٦٦ی ویژەیی هەوا برد)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری و داستانی گەورە کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە نێوان ڕێگای تەق تەق و کۆیە، وە چیای کەلکەسماق..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری تیپ

# مامۆستا دلاوەر شانە




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: دلاوەر کریم امین شانە
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
ژمارە: ٢٠٥٨

- ناوی تەواو: دلاوەر کەریم ئەمین شانە

- ناسراوبە: مامۆستا دلاوەر شانە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧/١/١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: شیرین تۆفیق یاسین

- ناوی منداڵەکانی: ڕەهوان/ ڕایوان/ ڕاهێن

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: قوەی (کۆسرەت)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری قوەی کۆسرەت و تیپی (٦١) ی کۆرەش و سەرکردایەتی و سنوری سەرکردایەتی .

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٦١) ی کۆرەش

- دوا پلەی لە پێش ڕاپەرین (رابەر سیاسی (تیپ)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە .

- لە دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان خزمەت و خەباتی کردووە .

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٥٨

# دڵزار ڕەفیق (کوێخا)





- ناوی تەواو: دڵزار ڕەفیق کوێخا محەمەد

- ناسراوە بە: کوێخا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: زوبێدە ڕەسوڵ ئەورەحمان

- ناوی منداڵەکانی: بەلێن/ پاوان/ لانە/ نزار

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٣ تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە لە سنوری دەربەندی رایات/ مەدرەسەی مەدفعی.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: زەلێ

- لە ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ مەفرەزەکەی هەڤاڵ (هیوا ڕەش) پارتیزان بووە لە دەشتی کۆیە/ بناری کۆسرەت، وە سنوری کەرکوک..

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە لە ڕۆژی ٣/٥ ساڵی ١٩٩١ تا ڕزگارکردنی کەرکوک....

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە گوندی (نورەدین)

- بەشداری خولی سەربازی (بەکرەجۆ) خولی ڕۆشنبیری مەڵبەندی کۆیە/ خولی چوارقورنە.. خولی زەلێ کردووە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی کاری کردووە وەک لقی جوتیارانی کۆیە/ کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیە ...

- دواپلەی: کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی (کۆیە)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٩٧

# دڵزار عەلی حەمەد محەمەد





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و [illegible] کردوه

ناوی چواری: دلزار علی محمد محمد
ناز ناو: دلزاری حمه شێر
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٨
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ١٠٠١

- ناوی تەواو: دڵزار عەلی حەمەد محەمەد

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: هەیبەت عەباس حەمەد

- ناوی منداڵەکانی: هەژار/ چرا/ لاجان/ ئاڤان/ چیاڤان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤/٤/٤

- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە سنوری کۆیە

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

- لە ساڵی ١٩٨٥ دەستگیر دەکرێ تاوەکو ساڵی ١٩٨٧ لە بەندیخانەکانی کۆیە و هەولێر

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..

- دواپلەی: فەرماندەی لەشکر بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٠٠١

# دڵزار سام



- ناوی تەواو: دڵزار سەدیق حەمە باپیر
- ناسراوە بە: دلزار سام
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی کشتوکاڵ
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: ئالان ئیسماعیل حەمە غەریب
- ناوی منداڵەکانی: داناز/ دارین
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- لە ساڵی ١٩٨٦ خولی بینیوە لە کرماشانی ئێران لە سەر فێربوونی دۆشکا..
- پاشان گواسترایەتەوە تیپی (٢٥)ی خالخالان
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای مەکتەبی عەسکری
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیری سیاسی
- لە دوای ئەنفالەکان ناوبراو ماوەیەک پارتیزان بووە لە سورقاوشان و قەلاسێوکە..
- لە دوای ڕاپەرین لێپرسراوی پێشمەرگە دێرینەکان بووە لە نەمسا..

# دڵسۆز بەکر فەتح الله ئەمین



- ناوی تەواو: دڵسۆز بەکر فەتح الله ئەمین

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا پۆلی (٢) ی ناوەندی خوێندووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: فەوزیە رەمزی فەقێ

- ناوی منداڵەکانی: دێرین/ دارسان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێێ گەڵەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: (بزوتنەوەی سۆسیالیستی)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: هەرێمی (١٥)ی شەهید دکتۆر خالید

- لە ساڵی ١٩٨١ سەنگەری گواستۆتەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ماوەی (٣) لەناوزەنگ درێژەیان بە پێشمەرگایەتی داوە، دواتر تەشکیلاتی کەرتێکیان بۆکراوەتەوە بەسەرپەرشتی هەڤاڵ (تالیب خارە ئەسوەد) لە سەر میلاکی مەڵبەندی (٣) لای دکتۆر کەمال خۆشناو..

- لە ساڵی ١٩٨٢ ناوبراو گواستراوەتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە

- لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ هەڤاڵ (ڕەهبەری سەید برایم) گواسترایەوە تیپی (٢٥)ی خاڵخاڵان تا دوای ئەنفالەکان..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی


- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە گۆپتەپەو بەرگەڵوو.


- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٢٥) ی خاڵخاڵان

- له ساڵی ١٩٨٦ کرابه ئەندامی مەڵبەندی (٤) ی یەکێتیی نیشتمانیی و له ساڵی ١٩٨٧ دا گوێزرایەوه بۆ قـەرەداغ لەوێ کرایه ئەندامی مەڵبەندی یەک، له ساڵی ١٩٨٨ دوای شاڵاوی ئەنفالەکان بووه لێپرسراوی مەڵبەندی (١)، له پلینیۆمی دووەمی یەکێتیی شۆرشگێران که له ساڵی ١٩٨٩ لەناوزەنگ بەسترا به ئەندامی سەرکردایەتی هەلبژێردرایەوه ..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگه بووه بەشداری له چەندین هێرش و بەرگری کردووه له سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وه له سنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی له پێش ڕاپەرین: سەرکردایەتی/ له ناوزەنگ

- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی

- ناوبراو له ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووه و ڕۆڵی کارای بینیوه له قۆڵی شاری سلێمانی ..

- دواتر هەمان ساڵ چوو بۆ هاندەران و له بەریتانیا گیرسایەوه.

- له ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٩ لێپرسراوی مەڵبەندی (١٤) ڕێکخستنی کۆیه بووه..

# عەلی ویزی



ـ ناوی تەواو: عەلی محەمەدەمین  شاکر

ـ ناسراوە بە: عەلی ویزی

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٩

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: پەیمان حەسەن حەمەدەمین

ـ ناوی منداڵەکانی: هەلوێست/ هۆزان/ هەڵبەست/ پەیوەست/ پەیرەو/ پایان

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩

ـ ئۆرگان: قوەی کۆیە

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگەبووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ سەرکردایەتی

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای سەرکردایەتی

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیر

ـ لە دوای ڕاپەرین ناوبراو بۆتە فەرمانبەری حکومەتی هەرێم لەبەڕێوەبەرایەتی باج و دەرامەتی کۆیە.

ـ ناوبراو لە ١٩/٤/ ی ساڵی ٢٠١٤ کۆچی دوای کردووە.

# مامۆستا عوسمانی جیهاز





- ناوی تەواو: عوسمان عومەر عەلی ڕەسوڵ

- ناسراوە بە: مامۆستا عوسمانی جیهاز

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٩

- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر - دبلۆم - پەروەردە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: نەرمین ئیسماعیل مەحمود

- ناوی منداڵەکانی: باهۆز/ ئاویز/ شکۆ/ شاد

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (لقی٣)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: لقی (٣)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: سکرتاریەتی سکرتێری گشتی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بەرپرسی بەشی بێتەلی (ی.ن.ک)

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە..

- دواپلەی لە دوای ڕاپەڕین جێگری بەڕێوەبەری گشتی دیوان بووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

- دواپلەی خانەنشین بوون: جێگری بەڕێوەبەری گشتی.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٠٨٨

# مامۆستا عوسمان





- ناوی تەواو: عوسمان محەمەد وسو وەسمان

- ناسراوە بە: مامۆستا عوسمان

-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: خانەی مامۆستایان

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی سیانی هاوسەری: سوعادەت سلێمان حەمەدەمین

- ناوی منداڵەکانی: ئاوات/ نیشتمان/ ئاڵان/ شۆخان/ ئامانج/ باوان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وەسنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. ١- زیارەت ٢- سۆرکی سوسێ

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٨)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لە چەندین ئۆرگان کاری کردووەو لە هەر پلەو پایەک بوبێت سادەیی و دڵسۆزی بێ وێنە بووە.

- لە تیمی حکومەت کاری کردوەو لە دەزگای ئاسایش ئەفسەر بووە بە پلەی عەمید

- ناوبراو چەندین خولی ڕۆشنبیری و زانیاری و سیاسی و سەربازی بینیوە، دەرچووی خولی ئەکادیمیای کۆلیژی سەربازییە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢١

# عومەر دەبابە



ـ ناوی تەواو: عومەر مستەفا محەمەدەمین

ـ ناسراوە بە: عومەر دەبابە ـ یان کاکی کاکان

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٢٤/٨/١٨

ـ شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی قەڵات ـ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلێژی ماف لە بەغدا

ـ باری خێزان: خێزاندار بووە

ـ ناوی هاوسەری: سورەیە محەمەد

ـ ناوی منداڵەکانی: ناز/ نەبەز

ـ لەساڵی ١٩٤٦ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بووە.

ـ لەگەڵ دەسپێکی شۆڕش لە ساڵی ١٩٤٦بۆتە ئەندامێکی کاراو چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ـ لەساڵی ١٩٤٨ لەراپەرینێک دژی پەیمانی بەریتانیاو حکومەتی سەردەمی پادشایەتی کاکە عومەر ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە خۆپیشاندانەکان لەوێ وە نازناوی (دەبابەی) بەسەر دادەبڕێ.

ـ لە کۆنگرەکانی (٢،٣،٤،٥) لەساڵەکانی ١٩٥١ـ ١٩٥٣ ـ١٩٥٩ـ ١٩٦٠) بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوە.

ـ کاکی کاکان یەکێک بووە لەو ئەندامانەی داوای مۆلەتی فەرمیان کردووە بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە وەزارەتی ناوخۆی بەغدا.

ـ لەسەروبەندی قەیرانەکانی ناو سەرکردایەتی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤کاکە عومەر پشتگیری باڵی مەکتەبی سیاسی کردووە خۆشی ئەندام بوو تیایدا.

ـ لەساڵی ١٩٦٦ ماوەیەک لە هەمەدانی ئێران گیرساوەتەوە.

ـ هەر لەساڵی ١٩٦٦لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بەڕەزامەندی مەلا مستەفای بارزان گەڕانەوە کوردستان و لە (دۆڵەڕەقە) وەک دەست بەسەر مایەوە.

ـ لەگەڵ دەسپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان کوردو بەغدا لە ساڵی ١٩٧٤ کاکە دەبابە بەئەرکی خۆی زانی بگەرێتەوە و پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکات.

ـ لەمانگی ٤ی ساڵی ١٩٧٥لە کۆبونەوەیەکی تایبەت بۆ تاوتوێکردنی کاروباری کورد پاش هەرەس هێنانی شۆڕش بەشدار بوو. بەشداربوانی کۆبونەوەکە پێکهاتبوون: عەلی عەسکری، خالید سەعید، عەلی هەژار، برایم ئەحمەد، کاردۆ گەلاڵی، جەمال حکیم ئاغا،

ڕەسوڵ مامند، ناسح ئیسماعیل ئەحمەد، عبدالرحمان گۆمەشینی، سەلیم ئاغۆک، تاهیر عەلی والی، کەمال محێ دین.لەو کۆبونەوەیە بریاردەدەن بگەڕێنەوە بۆ عێراق حزبێک دروست بکەن و دەست بە جموجۆڵی سیاسی بکەن. بەڵام پاش ئەوەی ئەندامانی ئەم گروپە دەگەڕێنەوە، ڕژێمی عێراقی دابەشی سەر شارەکانی باشورو ناوەڕاستیان دەکا.

- لە ئایاری ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ ساڵح یوسفی و عەلی عەسکری و ڕەسوڵ مامندو چەند کادرێکی تر بەشدار بوو لەدامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانداو پاش دامەزراندنی (ی.ن.ک) خۆی و عەلی عەسکری دەورێکی کاریگەریان لە بردنی بزووتنەوە بۆناو یەکێتیی گێڕا.پەیوەندی نامەو نامەکاری نێوان بزوتنەوەو (تالەبانی) زۆرتر لەڕێێ (عومەر مستەفا) و (دکتۆر خالید سەعید) بوو بەڕێوەدەچوو.

- لە تشرینی دووەمی ١٩٧٦دا عێراقی بەجێهێشت و وەک نوێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیست لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیمەشق گیرسایەوە..


- لەکۆبونەوەکانی ٣١ی ئاب - ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧ی ناوچەی برادۆست کرایە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی لە دەرەوەی وڵات. لە شوباتی ١٩٧٩ گەڕایەوە بۆ کوردستان لەناو زەنگ گیرسایەوەو بۆ یەکەم جار بەشداری کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی کرد.

- لە پایزی ساڵی ١٩٨٢ پشگیری پرۆژەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تازەی لە تێکەڵ کردنی بزوتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتی کردو بەم پێیە لە ١١ی ئەیلولدا یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێکهات کە (عومەر مستەفا) یەکێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی بوو.بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣کاتێک کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە گوندی (خەتێ) لەناوچەی خۆشناوەتی بەسترا، بەهۆی نالەباری تەندروستیەوە خۆی بۆکۆمیتەی سەرکردایەتی کاندید نەکردەوە.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی کۆچی دوایی: ٢٩- کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢

- شوێنی کۆچی دوایی: ناو کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ..

# شەهید: مەلا عەزیز بەردەسپی



- ناوی تەواو: غەفور عەبدوڵڵا حەمەد

- ناسراوبە: مەلا عەزیز

- لە ساڵی ١٩٥٩ لەگوندی بەردەسپی سەر بەناحیەی سێ گردکان قەزای کۆیە لە دایکبووە.

- لە ساڵی ١٩٧٨پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردوە لە ڕێگای شەهید (عەلی ساڵح)

- لەساڵی ١٩٨٠ دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر

- لە ساڵی ١٩٨٢ دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە

- لە ساڵی١٩٨٣دەکرێتە جێگری فەرماندەی کەرتی (٢) لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

- لە ساڵی ١٩٨٤دەکرێتە فەرماندەی کەرتی (٢) ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- لە ماوەی پێشمەرگایەتی: بەشداری دەیان شەڕو چالاکی کردوە لەوانە: شەڕی بالیسان شەڕی ئازیانەو شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) وگرتنی دێگەڵە، تەق تەق، داستانی ڕزگاری وسەرکردایەتی زۆربەی شەڕەکانی سنوری دەشتی هەولێر

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جاربە سەختی بریندار بووە .

- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ دەوری کاریگەری بینیوە لە ڕزگارکردنی شاری هەولێرو کەرکوکی قودسی کوردستان.

- پاش هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ ڕۆڵی زۆری بینیوە لە پاراستنی حکومەتی هەرێم ئەوکات فەرماندەی بەتالیۆن بوە لە هێزی سەفین

- لە ساڵی ١٩٩٥ کرایە سەرلەشکری تایبەتی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- بەڵام بە داخەوە لە ڕۆژی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە بەرگری لە شاری هەولێرلە بەرامبەر هێزەکانی بەعس و پارتی بە سەختی بریندار دەبێ و ڕۆژی دواتر شەهید دەبێ ماڵئاوای دەکات.

- لە دوای خۆی دوو منداڵ بەناوەکانی (سەهەند و ساوێن) بۆ نیشتمان بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان جێدەهێڵێت..

# فاخیر شیلەیی



- ناوی تەواو: فاخیر محەمەد سادق وەسمان
- ناسراوە بە: فاخیر شیلەیی
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شیلە/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سێیَ ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: ئازادە حوسێن ئەمین
- ناوی منداڵەکانی: چاوان/ ڕاز/ بەلێن
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە، کەرتی (١)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە کانی خان/ دوکان
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین/ مەفرەزەی تیپ
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

# فاروق عەلی مەولود حەمەد




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم نامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەنەکەماندا
وئەیانە حەماسیان کردوە

ناوی چواری: فاروق علی مولود حمد
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
ژمارە: ٢٢٦٩

عادل جلال

ـ ناوی تەواو: فاروق عەلی مەولود حەمەد

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٥/٧/١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی داربەسەر/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەرانی: ئەختەر حاجی غەریب/ عائیشە محەمەد شەریف

ـ ناوی منداڵەکانی: باوەر/ شۆڕش/ سۆما/ سانا/ ساوین/ ڕەوا

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦ لە ڕێگەی شەهید (عەلی ساڵح)

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ لە ساڵی ١٩٧٧ پاش ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ناو براویش دەستگیر دەکرێ، لە دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوک لەوێ بە زیندانیی هەمیشەیی حوکم درا، بۆ بەندینخانەی (ئەبوغرێب) ڕەوان کرا، تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا..

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی ١٢/ ی ساڵی ١٩٧٩

ـ ئۆرگان: هەرێمی (٨) کەرتی دەشتی کۆیە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٠ گوازرایەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی لە ناو زەنگ، لە ساڵی ١٩٨١ پاش بەشداربوونی لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کرایە (کادیر) لە هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر، دواتر کرایە ڕابەری سیاسی هەرێمەکە....

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ کرایە جێگری تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، ساڵی ١٩٨٤ بەهەمان پلە گواسترایەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، لەهەمان ساڵ بەشداری لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد.

ـ لە ساڵی ١٩٨٧بڕیار درا بکرێتە فەرماندەی تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر بەڵام بەرلەوەی لێپرسراویەتیەکە وەرگرێ لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی (تەق تەق) بەسەختی بریندار بوو..

ـ لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری سەقز نیشتەجێ بوو، لە ساڵی ١٩٨٩ لە بەشی پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە تاران کاری کرد.....

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..

- له ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. تەق تەق/ قەراسنج/ تەق تەق

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری تیپ

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە.

- لە ساڵی ١٩٩٣ ڕاژەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر گوازرایەوە بە پلەی (رائید) خزمەتی کرد.

- خولی یەکەمی ئەفسەرانی قەڵاچۆلانی تەواو کردووە.

دواتر بوە بە بەڕێوەبەری (میرە) لە ئاسایشی گشتی.

- دواپلەی: ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٦٩

# شێخ فەتاح




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: فتاح رسول ئەورەحمان رەسول
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٢٠٧٤

مام جلال

- ناوی تەواو: فەتاح ڕەسوڵ ئەوڕەحمان ڕەسوڵ

- ناسراوە بە: شێخ فەتاح

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی کاوڵان/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ئومامە عەبدولقهار جەلال

- ناوی منداڵەکانی: مەریوان/ کەنار/ سۆما/ ڕەوا/ سایە/ ڕێکەوت

- ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە لە سنوری دەشتی کۆیە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ بارەگای کەرتی ڕێکخستن

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر/ سەرکردایەتی/ وەک دۆڵی خەلەکان/ گرتنی بێتواتە/ قەیوان ماوەت/ داستانی ڕزگاری/ داستانی سەریرەش..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە .لە کەلکەسماق

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیری کۆمەڵە لە دەشتی کۆیە .

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە .

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو چەندین پۆست و پلەی بینیوە وەک/ فەرماندەی بەتالیۆنی (٧٥) دەشتی کۆیە/ فەرماندەی هێز/ فەرماندەی جێگری لەشکر/ فەرماندەی فەرماندەی (١٥) ی قەرەچوغ

- دەرچووی خولی فەرماندەیی/ دەرچووی خولی زانیاری

- دواپلەی: بەڕێوەبەری فریاکەوتنی کۆیە.. بە پلەی (لیوا)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٧٤

# فەتح الله داربەسەری




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: فتح لله حمید صالح حسن
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ١٢٠٧

- ناوی تەواو: فەتح الله حەمید ساڵح حەسەن

- ناسراوە بە: فەتح الله داربەسەری

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی داربەسەر/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: نەجیبە ئەبوبەکر حەمەدەمین

- ناوی منداڵەکانی: باڤێ/ پەیوەند/ بووێر/ ئاڤێستا

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وە سنوری سەرکردایەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لە سەرجادەی کۆیە/ جاری دووەم بە کۆپتەر

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: گومرگی بەرەی کوردستانی لە نۆکان

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندام کۆمیتەی گومرگی بەرەی کوردستانی

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردوەو ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: ناوبراو لە زۆربەی تەشکیلاتەکان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە ناو ئۆرگانە جیا جیایەکانی تیپ و لەشکرو هێزو فەرماندەیەکان.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی ناوبراو فەرماندەی فەوجی تایبەتی پاسەوانی سەرۆک کۆمار بووە.

- دەرچووی خولی (٣) یەمی کۆلیژی ئەکادیمیای سەربازی قەڵاچۆلانە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٠٧

# فەرهاد ئیبراهیم حەمە شرین ئیبراهیم





- ناوی تەواو: فەرهاد ئیبراهیم حەمە شرین ئیبراهیم

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە – پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: بوشرا باوەکر قادر

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: لقی (١) ی شۆرشگێران

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری سەرکردایەتی.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: بارەگای سەرکردایەتی

- لە دوای ڕاپەرین کارمەندبووە لە مەکتەبی سیاسی/ بەشی ڕاگەیاندن

- ناوبراو بەشداری چەندین خولی ڕاگەیاندنی کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٧٥

# فەهد عەلی مەولود حەمەد



- ناوی تەواو: فەهد عەلی مەولود حەمەد
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی داربەسەر/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی منداڵەکانی: سێبەر
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ دەستەی تیپ
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٣)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو فەرماندەی تیپ بووە لە هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر، دواتر کراوەتە ئامر بەتالیۆنی شەهید ئازاد داربەسەری، پاشان لە ساڵی ١٩٩٣ گواسترایەوە دەزگای ئاسایش خزمەتی زۆری کردووە بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان..

# فەیزوڵڵا عەبدوڵڵا حەمەد (فەیزە)





- ناوی تەواو: فەیزوڵڵا عەبدوڵڵا حەمەدساڵح

- ناسراوە بە: فەیزە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٠

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بەردەسپی/ ناحیەی سێ گردکان/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نازەنین ئەحمەد حەسەن

- ناوی منداڵەکانی: هاوناز/ هۆشەنگ/ ئاهەنگ/ ئالان/ دیلان

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان:١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ کەرتی (٤)

- لە ساڵی ١٩٨٦ گواسترایەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر / دەستەی شەهید (مەلا عەزین)

- لە ساڵی ١٩٨٧ گواسترایەوە تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی تیپ.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وە سنوری سەرکردایەتی...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لە گوندی نازەنین/ بەستی شەرغە...

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨) کە شەهید مەلا سلێمان فەرماندەی بەتالیۆن بوو...

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ئامر مەفرەزە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەند ئۆرگانێک درێژەی بە پێشمەرکایەتی داوە بە تایبەتی لە مەفرەزەکانی دەستەی پاسەوانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) پاشان فەرماندەی (٢) هەولێر لە کۆیە

- دواپلەی: جێگری هێز لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٢٥

# قاسمە سوور





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە ئاینەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەمڕۆ لە حەیاتیان کردوە
ناوی چواری: قاسم محمد محمود حمه
نازناو: قاسمه سور
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٠
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ٢٠٦٣

- ناوی تەواو: قاسم حەمەد مەحمود حەمەد

- ناسراوبە: قاسمە سور

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٠

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ڤیان نورەدین محەمەد

- ناوی منداڵەکانی: محەمەد/ دونیا/ هاومەند

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩

- ئۆرگان: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر

- پاش تەشکیلاتی تیپەکان ناوبراو دەگوازرێتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە

- لەبەر ئازایەتی و دڵسۆزی لە ساڵی ١٩٨٦ دەکرێتە (فەرماندەی کەرت)

- لە کۆتا تەشکیلات لە سەر سنور ناوبراو دەکرێتە فەرماندەی تیپی (هەیبە سوڵتان)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری تیپی (٩٣) ی کۆیەو مەڵبەندی (٣)ی هەولێر لەوانە: دۆڵی خەلەکان/ قەیوان ماوەت/ سەری ڕەش/ دۆلی سماقوڵی/ کەلکە سماق/ گرتنی تەق تەق.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: قاسمە ڕەش

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە لە دۆڵی خەلەکان/ سوسێ/ خەلکان

- لە قۆناغی دوای ئەنفالەکان پارتیزان بووە.

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە دوای ڕاپەڕین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو دوا پلەی (فەرماندەی (فەوج) بووە.

- دەرچووی خولی (١)ی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٦٣

# قاسم عەبدوڵڵا فەتاح (قاسمەسوور)




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی کەنەکەمەند
و بەبڕوا لە خەباتیان کردوو
ناوی چواری: قاسم عبدالله فتاح رحمان
نازناو: قاسمە سور
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٨
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٢٠٦٧

- ناوی تەواو: قاسم عەبدوڵڵا فەتاح ڕەحمان

- ناسراوە: قاسم سوور

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨

- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی بایزاغا/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس/ زانکۆی کۆیە/ بەشی مێژوو

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: تانیە کەریم وەهاب

- ناوی منداڵەکانی: دەشنێ/ چراخان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی ١٩٨٢ بەشداریەکی کارای کردوە لە خۆپیشاندانەکان بەوهۆیە کەوتە بەر چاوی دەزگا ئەمنیەکان، پاش خۆپیشاندانەکان تەنگی پێهەڵچنرا و مەترسی گرتنی هاتەپێش، هەر ئەوساڵە پەیوەندی بە بارەگای دۆلەڕەقەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە کرد..

- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: ناوچەی شۆڕشگێڕان لە دۆڵەڕەقە.

- هەر لە ساڵی ١٩٨٢ تاکۆتایی ١٩٨٣لـە تیپی (٩٠)ی باوەجی کـەرتـی (٢)درێـژەی بە پێشمەرگایەتی داوە. کە ئەوکات هەڤاڵ (لیوا سمکۆ دزەیی) فەرماندەی تیپەکە بووە.

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ گواسترایتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە/ کەرتی (٤) ی شەهید سەرباز..

- لە ساڵی ١٩٨٤ کراوەتە (جێگری مەفرەزە) لە تیپی (٩٣) ی کۆیە/ کەرتی (٤) . وە لە ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە (فەرماندەی مەفرەزە) لە تیپی پارێزگاری مەڵبەندی (٣).. وە ساڵی ١٩٨٧ کراوەتە (فەرماندەی کەرت)ی (٢) لە تیپی (٩٠)ی باوەجی ..

- ئەو سالانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر. وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە ١ـ لە ساڵی ١٩٨٣ لە قەندیل ٢ـ لە ساڵی ١٩٨٩ گەیلان غرب ٣ـ ساڵی ١٩٨٧گردی چادر....

- دوا پلەی فەرماندەی (تیپی ٨٣ی هەورێ) بووە لە کۆتا تەشکیلات پێش ڕاپەرین.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگار کردنی شارو شارۆچکەکان.

- له تەشكیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو فەرماندەی تیپ بووە لە بەتالیۆنی (٧) ی کۆیە .

- لە ساڵی ١٩٩٢ جێگری هێزی (١٦) ی خۆشناوەتی بووە/ لە سوپای یەکگرتووش کراوەتە جێگری (فەوج)

- لە لەشکری (٩)ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە .

- بەشداری چەندین خولی کردووە، لە ساڵی١٩٨٩ دوو خولی بینیوە لە ئەهواز و گەیلان غرب/ بەشداری خولی شەشەمی شەقلاوە/ خوڵی کانی گۆمە ساڵی ٢٠٠٢ ...


- دواپلەی جێگری لە شکری کۆیە بووە.

- لە سالی ٢٠١٠ لێپرسراویەتی لقی کۆیەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی وەرگرتووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٦٧

# قوبادی حاجی ڕەفیق






- ناوی تەواو: قوباد ڕەفیق حەمەد
- ناسراوە بە: قوبادی حاجی ڕەفیق
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: ڕێزان عەبدولڕەزاق
- ناوی منداڵەکانی: جێگر/ قوباد/ بێژان/ ژیا
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- ئۆرگان: سکرتاریەتی مام جەلال
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وە سنوری سەرکردایەتی
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای مام جەلال
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: لێپرسراوی دەستەی پاسەوانی جەنابی (مام جەلال) بووە..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەند ئۆرگانێک خزمەتی کردووە.
- بەشداری خولی ئەفسەرانی کانی گۆمەی کردووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٧١

# کاروان بەهرەم ڕەسوڵ خۆشناو





- ناوی تەواو: کاروان بەهرەم ڕەسوڵ خۆشناو
-ساڵی لە دایکبوون : ١٩٧٢
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- عەشیرەت: خۆشناو
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: فێنک تەها تۆفیق
- ناوی منداڵەکانی: چرا/ جێگر
- بەهۆی ئەوەی باوکیان پێشمەرگە بووە سەرانی ڕژێم ناوبراو لەگەڵ خانەوادەکەیان لەساڵی ١٩٧٧ تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ زیندانیی دەکەن لە بەندینخانەی (عمارە)
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٧
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣) کەرتی سجن
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٣) ی هەورێ
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە/ دواتر لە سوپای یەکگرتووی کوردستان دەکرێتە جێگری فەسیل
- ناوبراو لە ئاسایشی هەولێر مفەوەز/ ماوەیەک فەرمانبەری گومرگ بووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٤٣

# کاکە ڕەش محەمەد مستەفا محەمەد





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

...نامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
...ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
...پساوانە خەباتیان کردوە

...وی چواری: کاکە ڕەش محمد مستەفا محمد
...ناو:
...الی لەدایک بوون: ١٩٧٠
...الی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
...ژمارە: ٨٥٧

مام جلال

- ناوی تەواو: کاکە ڕەش محەمەد مستەفا محەمەد
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٠
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بۆگد/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: عوزار مەحمود قادر
- ناوی منداڵەکانی: ئەڤین/ سەفین/ ئاڤان/ سامان
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٩٩) ئەوکات هەڤاڵ (عەلی وەیس) فەرماندەی ئەم تیپە بووە.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری بیتوێن و سەرکردایەتی
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٩)
- لە ساڵی ١٩٨٩ پارتیزان بووە لە سنوری بیتوێن
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردوە و ڕۆڵی هەبووە لە ڕاپەڕین
- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین لە چەندین ئۆرگان لە هەولێر - کۆیە - دۆکان خزمەتی کردووە لە پێشمەرگایەتی
- دەرچووی خولی (٤) ی سەربازی قەڵاچۆلانە.
- دواپلەی (عەمیدە) لە لیوای (١) ی تایبەتی سکرتاریەت - فەوجی (دۆکان)
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٥٧

# شەهید: كامەران كۆیی



- ناوی تەواو: کامەران ئەحمەد حەمەد مستەفا

- ناسراوبە: کامەران کۆیی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لە دایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: شوکریە حوسێن تەها

- ناوی منداڵی شەهید: دانەر/ دیڤان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- دوا پلەی لە پێش ڕاپەرین: لە کۆتا تەشکیلاتی یەکێتیی لەسەر سنور شەهید کامەران جێگر تیپ بووە. ئەوکات کاک بورهانی سەعید سۆفی فەرماندەی تیپی (٩٣) ی کۆیە بوە (دۆڵەکۆگە)

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی کردووە. داستانی ڕزگاری/ گرتنی سەری ڕەش/ داستانی سماقوڵی/ قۆپکی حەمەد ئاغا/ شەڕی قەیوان ماوەت/ شەڕی کەلکە سماق.

- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی کردووەو ڕۆڵی کاریگەری بینیوە لە سنوری کۆیە و هەولێر.

- دواپلەی: جێگری فەرماندەی فەوج بووە لە تەشکیلاتی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم لە وەزارەتی پێشمەرگە.

- دووجار بریندار بووە لە ژیانی پێشمەرگایەتی

- ناوبراو لە قۆناغی دوای ئەنفالەکان پارتیزان بووە.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون:١٩٩٣/١٢/٢٠

# کامەران ڕەئووف تاهیر عەبدوڵڵا



- ناوی تەواو: کامەران ڕەئووف تاهیر عەبدوڵڵا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی منداڵەکانی: دراکۆ، داریان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: ناوچەی خۆشناوەتی

- دواتر گواسترایەتەوە تیپی (٩٠) ی باوەجی کۆیە

- پاشان گواسترایەوە بارەگای مەڵبەند لای دکتۆر کەریم ڕەئووف. پاشان گواسترایەوە بارەگای سەرکردایەتی لە یاخسەمەرو سەرگەڵوو، دۆڵەکۆگە، لە دوای ئەنفالەکانیش لە سنوری قاسمەڕەش درێژەی بە خەبات و پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٩٠..


- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: قاسمەڕەش

# کاوه ئەمین کەریم شانە





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆرشی نوێی گەلەکەماندا
و لەپێناوە خەباتیان کردوە


ناوی چـواری: کاوه امین کریم شانه
نـاز نـاو: کاوەی کریم شانه
سـالی لەدایـک بـوون: ١٩٦١
سالی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
ژمـاره: ١٩٠

مام جلال

- ناوی تەواو: کاوە ئەمین کەریم شانە
- ناسراوبە: کاوەی کەریم شانە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: نەسرین سەعید نەجم
- ناوی منداڵی: لانە
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- لە ساڵی ١٩٧٩ تاوەکو ساڵی ١٩٨٠ زیندانی بووە لە هەیئەی کەرکوک
- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: قوەی (کۆسرەت)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: ڕابەری سیاسی تیپی (٩٩) ی بیتوێن
- لەژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە .لە قازی بەگیان
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە.
- لە دوای ڕاپەرین لە ئۆرگانی حزبی کاری کردوە دوا پلەی ئەندام مەڵبەند بووە.
- لێپرسراوی دەزگای شەهیدانی کۆیە بوە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان:١٩٠

# مامۆستا کاوه




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەمپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: کاوه ئەنوەر نادر خدر

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

ژمارە: ١٢٧٢

مام جلال

- ناوی تەواو: کاوە ئەنوەر نادر خدر

- ناسراوە بە: مامۆستا کاوە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغ/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا/ ماجستێر لە لە دیراساتی ستراتیجی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سەبریە حەمەدەمین قادر

- ناوی منداڵەکانی: مەشخەڵ/ شکۆفە/ محەمەد/ شایان/ شاهی/ شکۆ

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: کەرتی (ڕێکخستن) دەشتی کۆیە

- لە ساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٦) ناوبراو ڕابەری سیاسی ئەم کەرتە بووە. کە هەڤاڵ (جەلال ئیلنجاغی) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٨ پارتیزان بووە بۆ ماوەی (١٤) مانگ لە ڕەتڵی (هەولێر)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە شەکرۆک

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨) شەهید مەلا سلێمان فەرماندەی (بەتالیۆن) بوو

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپەکانی (هەورێ، مامەندە، قەندیل) بووە لە ساڵی ١٩٩٠.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و کاریگەری کارای هەبووە لە هۆشیارکردنەوەو ڕزگارکردنی شاروشارۆچکەکان..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە ساڵی ١٩٩٢ لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی (تەق

تەق) بووە. لە ساڵی ١٩٩٥ تاوەکو ساڵی ١٩٩٨ لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی (تەق تەق) بووە/ لە ساڵی ١٩٩٩ کراوەتە لێپرسراوی چاودێری و پشکنین و مەشقی سەرجەم فەرماندەییەکانی سنوری سلێمانی تا ساڵی ٢٠٠١ دواتر گواستراوەتەوە فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە لە ئیدارەی سلێمانی..

- دواپلەی: لیوای مافپەروەر/ بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی لەوەزارەتی پێشمەرگە..

- دەرچووی خولی (٦) فەرماندەیی کۆلێژی سەربازی قەڵاچۆلانە.. دەرچووی پەیمانگای کادیرانی قەڵاچۆلان ساڵی ١٩٩٢.. دەرچووی پەیمانگای کادیرانی قەڵاچۆلان ساڵی ١٩٩٤. دەرچووی خولی کۆلێژی بەرگری نیشتمانی عێراق/ دەرچووی خولی پەیمانگای دادوەری لە ساڵی ٢٠١٢

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٧٢

# شێخ کەریم





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: کەریم عبدالله علی احمد
ناز ناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ١٧٢٩

- ناوی تەواو: کەریم عەبدوڵڵا عەلی ئەحمەد

- ناسراوە بە: شێخ کەریم

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧١/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی (کاولان) قەزای کۆیە..پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: هێرۆ فەتاح عەزیز

- ناوی منداڵەکانی: دانەر/ گەردون

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦/٥/١٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: بارەگای مەکتەبی ڕێکخستن/ ئەوکاتی لە بیروێ بوو

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وە سنوری سەرکردایەتی

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە کە ئەوکات هەڤاڵ (بورهان سەعید سۆفی) فەرماندەی ئەم تیپە بوو.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە لە دوا تەشکیلاتی سەرسنور

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە و ئەوکات بە پارتیزانی لە ڕەتڵی (تەق تەق) بووە.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە ئامریەی کۆیە

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان پێشمەرگە بووەو بەرپرسیاریەتیشی وەرگرتووە.

- دواپلەی لە پێشمەرگایەتی لە دوای ڕاپەرین جێگر هێز بووە.

- لە بواری ڕێکخراوەیدا ناوبراو لێپرسراوی (کەرت) لە کۆمیتەی ڕێکخستنی (٥) ی ئاشتییە.

- لە ئیستادا لێپرسراوی بازگەی ئاشتییە لە سنوری کۆیە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٧٢٩

# کەیوان ساڵح تۆفیق محەمەد





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی کەیەکەمیاندا
و ئەبیتوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: کەیوان صالح تۆفیق محمد
نازناو: کەیوان صالح
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ٢٠٨٧

- ناوی تەواو: کەیوان ساڵح تۆفیق محەمەد

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: هێرۆ عوبێد رەمزان

- ناوی منداڵەکانی: سەیوان/ ساوێن/ سەهەند/ سۆزین

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ کەرتی (٤)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی ..

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین ئۆرگان کاری کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٨٧

# کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی



- ناوی تەواو: کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٢

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شیواشۆک/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای کشتوکاڵ/ لە دەرەوەی هەرێم

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی منداڵەکانی: پێشڕەو/ ئاراس/ ڕێباز/ دەرباز/ شاڵاو/ ڕێناس/ شاکێو

- لە ساڵی ١٩٦٨پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان/ وە بە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد.

- لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەو لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووەو لە کاری ڕێکخستنیش بەهۆی زیرەکی و دلسۆزی کراوەتە ئەندامی ناوچە لە ساڵی ١٩٧٥.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: کۆتایی ساڵی ١٩٧٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)

- لە ٢٤/٤/ ١٩٧٦ یەکێک بووە لەو (٥) کادیرەی کۆمەڵە بەشدار بوو لە کۆبونەوەکەی شاری کەرکوک بەسترا سەرئەنجام پێکهێنانی (یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان) لێ کەوتەوە.

- لە سەرەتای مانگی (٥) ی ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر دەستگیر دەکرێ و ڕەوانەی کەرکوک کراوە چوارمانگ لە زیندان مایەوە پاش ئەشکەنجەو لێکۆڵینەوە هیچی نەدرکاند ئازاد کرا. دواتر پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان کردەوەو زیاتر هاتەوە خزمەت ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران..

- لە ساڵی ١٩٨٠ بۆتە لێپرسراوی (ڕێکخراوی) کۆمەڵە لە هەولێر

- لە ساڵی ١٩٨١ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی ناوخۆی کۆمەڵە لە شارەکان.

- لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە لە مانگی (٧) ی ساڵی ١٩٨٤ لە هەواری کانی سێوی مێرگە پان لە بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٤/٩/١٩٨٤

- ئۆرگان: بارەگای مەکتەبی سیاسی، لە سورداش

- لە ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە لێپرسراوی مەڵبەندی (٤)، پاشان مەڵبەندی (٣) و(٤) یەکخراو بووە یەک مەڵبەند ناوبراو کراوەتە لێپرسراوی مەڵبەندی (٣)..

- ئەو ماوەیەی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) بوو سەدان داستانی وەکو

گرتنی (سەری ڕەش و تەق تەق و دێگەڵە) بوونە سەروەری و مێژووی مەڵبەندی (٣)..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری و سەرپەرشتیاری چەندین داستان و بەرنامە ڕێژی لێدانی سەدان بارەگای لیواو فەجی بەعسیەکانی کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (چەندین) جار بە سەختی بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بارەگای سەرکردایەتی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ئەندامی سەرکردایەتی

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کارای کردووەو لێپرسراوی رزگارکردنی شاری هەولێری کردووەو ڕۆڵی کارای بینیوە لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوک.

- لە ساڵی ١٩٩١ - ١٩٩٢ لێپرسراوی مەکتەبەکانی (دەرەوە - ڕێکخراوە دیموکراتییەکان) بووە. پاشان لەکۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ک) بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پاشان کارگێری مەکتەبی سیاسی.. لەیەکەم هەڵبژاردنی پەرلەماندا لە سالی ١٩٩٢ بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا لەسەر لیستی (سەوز) .. لەساڵی ١٩٩٣ پاش دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز(د. فواد مەعسوم) لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ سپێردرا،

- لە روداوی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦بەرگری لەشاری هەولێر کرد، لە ئۆپراسیۆنی گەردەلولی تۆلەدا هێزەکانی یەکێتیی گەڕاندەوە سنوری کۆیە

- لە ساڵی ١٩٩٦ تاوەکو ساڵی٢٠٠١ لێپرسراوی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٩٩٧ لە قۆناغی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا ڕۆلێکی گرنگی گێرا لە شەڕەکانی هیران و نازەنین دا بریندار بوو.

- لە ساڵی ٢٠٠١ کراوەتە لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی.. لە ساڵی ٢٠٠٦ بووە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی، لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٩ بووە جێگری سەرۆکی هەرێم، لە نیسانی ساڵی ٢٠١٢ هەمان پۆستی پێ سپێردرایەوە ....

- دواپلەی: لە کۆنگرەی (٤) ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری سلێمانی بە زۆرینەی دەنگ کرایە (سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی)

# حەمە هەڵدێر





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: محمد حسن عمر مصطفا

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٢

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ٢٠٧٩

مام جلال

- ناوی تەواو: محەمەد حەسەن عومەر مستەفا

- ناسراوە بە: حەمە هەلدێر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە / پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نیهایەت عەلی عومەر

- ناوی منداڵەکانی: ماکۆک/ ئەحمەد/ بالەک

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ مەفرەزەی تیپ

- لە ساڵی ١٩٨٧ ناوبراو دەگوازرێتەوە تیپی (٢٥) ی خاڵخاڵان/ کەرتی (تیپ) کە ئەوکات هەڤاڵ (ڕەهبەری سەید برایم) فەرماندەی ئەم تیپە بووە.

- ناوبراو بۆماوەی (٢) مانگ و نیو پارتیزان بووە لە سنوری خاڵخاڵان .

- لە سالی ١٩٨٩ تاوەکو ١٩٩٠ لە بارەگای فەرماندەیی گشتی کوردستان بە پلەی فەرماندەی (کەرت) بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی .

- لە مانگی (٢) ی ساڵی ١٩٩١ جارێکی تر پارتیزان بۆتەوە تا ڕاپەڕین .

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وە سنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە (کەلکەسماق)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بارەگای فەرماندەیی گشتی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: فەرماندەی (کەرت)

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە. لە کۆیە تا کەرکوک

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لە چەندین ئۆرگان پێشمەرگە بووە / وەک هێزی (٧) ی کۆیە / هێزی (١٤) ی حاجی قەڵا/ لە سوپای یەکگرتووی کوردستان ناوبراو دەکرێتە (معاون سریە)

- دواتر دەگوازرێتەوە دەزگای ئاسایش/ بەڕێوەبەری ئاسایشی دێگەڵە بە پلەی (ملازم)
- لە ساڵی ١٩٩٨ دەچێتە خولی (٢) ئەفسەرانی هێزەکانی ناوخۆ.
- لە ساڵی ٢٠٠١ ناوبراو دەکرێتە بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی (کۆیە)
- لە ساڵی ٢٠٠٨ دەبێتە بەڕێوەبەری نەوتی شیواشۆک
- لە ساڵی ٢٠١٠ دەگوازرێتەوە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری و فریاکەوتن ..
- بە پلەی عەمید لە ڕاژەکەی بەردەوامە..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٧٩

# محەمەد سیاسی





- ناوی تەواو: محەمەد حەمەد مستەفا سمایل

- ناسراوە بە: محەمەد سیاسی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نەرمین کاکەخان حەسەن

- ناوی منداڵەکانی: ماردین/ ئەحمەد/لاڤین/ مەحمود/ مەروە/ مەشخەڵ

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: مانگی ٦ی ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٥/٦/٧

- ئۆرگان: تیپی مەڵبەند

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. چەکی کیمیاوی لە داستانی ڕزگاری، سەرێگای کۆیە - دێگەڵە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: دەزگای دارایی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵـی کارای بینیوە..


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ...

- ناوبراو دەرچووی خولی (ئەهواز/ گەیلان غەرب/ قاسمەڕەش/ خولی (٧) ی لەشکری کۆیە...

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٥٨٠

# محەمەد عەبدولمەجید ساڵح قادر




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەبیدوانە حەماتیان کردوە

ناوی چواری: محمد عبدالحمید صالح قادر
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٣٣٣٣

- ناوی تەواو: محەمەد عەبدولمەجید سالّح قادر

- سالّی لە دایکبوون: ١٩٦٣/٨/١٧

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نازەنین عەلی عەبدولرەحیم

- ناوی منداڵەکانی: مەهناز/ دانا

- لە سالّی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی تاوەکو سالّی ١٩٨١ لە هەرێمی (١٥)

- سالّی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە سالّی ١٩٨١ زیندانی کراوە لە دائیرەی ئەمنی (هەولێر)

- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: بارەگای کەرتی ڕێکخستنی (کۆیە)

- ئەو سالانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین چالاکی کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە بەنەباوی..

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: بە تالیۆنی (٣٣) ی کۆیە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- دوا پلەی ڕابەری سیاسی بووە لە بەتالیۆنی (٣٣)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٣٢

# دکتۆر فوئاد مەعسوم



- ناوی تەواو: محەمەد فوئاد مەعسوم

- ناسراوە بە: دکتۆر فوئاد

- ساڵی لە دایکبوون: ١/ینایر/١٩٣٨

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دکتۆرا/ لە فەلسەفە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ڕووناک عەبدواحید مستەفا

- ناوی منداڵەکانی: شیرین/ جوان/ ڤیان/ زۆزان/ شیلان/ شوان

- سەرەڕای ئەوەی بۆماوەی ساڵێک لە حوجرە خوێندوویەتی و پێشنەیەکی ئاینی هەبوو، لە هەرزەکاریدا بیروباوەڕی کۆمۆنیزم زۆر سەرنجی ڕاکێشاوەو لەو ماوەیەدا لایەنگری پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوە بەڵام هەرگیز نەبووە ئەندامی ئەم حزبە..

- لە ساڵی ١٩٥٨ لە بیروباوەڕی کۆمۆنیزم دورکەوتەوە ڕێبازی کوردایەتی هەڵبژارد. هەرئەو ساڵە بۆخوێندن چوو بۆ میسر. لە زانکۆی ئەزهەر لە کۆلێجی شەریعەو یاسا وەرگیراو پاشان خوێندنی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٦٢ بۆ خوێندنی باڵا ڕوی لەزانکۆی عێن شەمسی قاهیرە کردو لەبەشی فەلسەفە دەستی بە خوێندن کرد بۆ بەدەست هێنانی خوێندنی ماجستێر/ لەهەمان لە ڕادیۆی قاهیرە کاری کردووە.

- لە ساڵی ١٩٦٥ بووە جێگری نوێنەری پارتی لە قاهیرە. لە ساڵی ١٩٦٦ لەکاتی لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوبراو پشتیوانی لە باڵی مەلای کردووە.

- لە ساڵی ١٩٧٢ جارێکی تر بۆ خوێندنی دکتۆرا ڕووی لە میسر کرد هەر لەم ساڵە کرایە نوێنەری پارتی لە قاهیرە تا نسکۆی شۆڕش لەم لێپرسراویەتیە مایتەوە..

- لە ساڵی ١٩٧٥ پاش نسکۆ لەگەڵ (مام جەلال) بەشدارییەکی کارای هەبوو لە دامەزراندنی (ی.ن.ک) هەروەها لەم (٤) کەسە بون بەیاننامەی (ی،ن.ک) یان لە دیمەشق بڵاو کردەوە..


- لە ساڵی ١٩٧٨ لە گەرمەی شۆڕشی ئێران لە دژی ڕژێمی شا، لەگەڵ عادل موراد و ئەحمەد بامەڕنی بەناوی (ی.ن.ک) لەگەڕەکی لوڤێۆ شاتۆ سەردانی ئایەتوڵڵا خومەینی کرد.

- لە ساڵی ١٩٨٠ لێپرسراویەتی یەکەم ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەتاران پێ

سپێردرا لە ساڵی ١٩٨٢ پشگیری پڕۆژەی یەکگرتنەوەی باڵـی هێلی گشـتی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کرد.لەم سەروبەندە بـووە ئەندامی سەرکردایەتی کاتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە گوندی خەتێ ناوچەی خۆشناوەتی لە ساڵی ١٩٨٣ بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش دەست لەکار کێشانەوەی تاڵەبانی لە پۆستی سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان، مەعسوم لە جێی تالەبانی بەسکرتێر هەڵبژێردرا، لە کۆنفرانسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لە ساڵی ١٩٨٤ لە مێرگەپان بەسترا مەعسوم بە سکرتێر هەڵبژێردرایەوە.. لە ساڵی ١٩٨٥ سەرۆکایەتی وەفدێکی کرد بۆ ئێران بۆهەماهەنگی نێوان یەکێتیی و کۆماری ئیسلامی ئێران لە دژی ڕژێمی عێراق، لە ساڵـی ١٩٨٧ بەشداری کارای کرد لەکۆبونەوەکان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی.. لە کۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ک) بە ئەندامی سەرکردایەتی و دواتربە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا، لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا، دواتر بوە یەکەم سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دواتر لە ١٧ی ئازاری ساڵی ١٩٩٣ دەستی کار کێشایەوە لەم سەروبەندە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی ڕاسپێردرا دووەم کابینەی حکومەت پێک بێنێ، لە ساڵی ٢٠٠٠ پێشنیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوەندی کرد بۆ یەکێتیی تاوەکو ڕۆڵی دەزگایەکی چاودێر بگێڕێ.. لە کۆنگرەی دووەم لە سەر پێشنیاری مام داوای لە ئەندامانی کۆنگرە کرد متمانە بە دەستەی دامەزرێنەر بدەنەوە ناوبراو بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ بە سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دەستوری عێراق هەڵبژێردرا، لە ساڵی ٢٠٠٤ بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق هەڵبژێردرا، لە سالی ٢٠٠٥ بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و ساڵی ٢٠٠٩ دوبارە بۆئەم پۆستە هەڵبژێردرایەوەو سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی پێ سپێردرایەوە.. لە کۆنگرەی سێیەمی (ی.ن.ک) تەنها خۆی ئەندامیەتی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژاردوو زۆرترین دەنگی هێنا.. لە ساڵی ٢٠١٤ تاوەکو ساڵی ٢٠١٨ سەرۆک کۆماری عێراق بووە..

# مامە حەمە بۆگدی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد قادر شريف قادر
نازناو: مامە حەمە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ٢٣٥٠

- ناوی تەواو: محەمەد قادر شەریف قادر

- ناسراوە بە: مامە حەمە بۆگدی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٦

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بۆگد/ ناحیەی ئاشتی/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ناسک بەکر عەبدوڵڵا

- ناوی منداڵەکانی: ئارەزوو/ بڕوا/ بەناز/ هیوا/ هێمن/ هەڵمەت/ دەریا/ شاکۆ

- ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ماوەی (٨) مانگ زیندانی کراوە لە هەیئەی خاسەی کەرکوک

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بنکەی گومرگی قەندیل

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لە چەند ئۆرگانێک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە .. دواتربەهۆی تەمەنەوە خانەنشین کراوە..

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی دوای ڕاپەڕین: لەشکری (٧) ی دوکان

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٣٥٠

# محەمەد تەکەوەر




